http://dx.doi.org/10.26750/jru.1001

# دیاردەناسیی مرۆڤ لە شیعرەکانی نالیدا
## ( حەبیبە، مرۆڤ وەك یار )

د. هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور بارزان عەلی پیرۆت
زانكۆی سۆران
فاكەڵتی ئاداب
بەشی كوردی

**پێشەكی**

لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە و لەوكاتەوە كە مرۆڤ فامی كردووەتەوە، بەردەوام كێشەیەك لە ئارادا بووە، كێشەی ئەو بابەتانەی كە لەبەرچاو و هەستەكانمان دەردەكەون لەلایەك و كێشەی جۆری تێگەیشتن و ناسنامەیەك، كە هەر یەك لە ئێمە بەو شتانە دەیدەین. ئەگەر مێژووی فەلسەفە و مشتومڕە بەردەوامەكانی ئەو قەڵەمڕەوە، لە دوو ڕەوتی هزری ئایدیالیزم و ماتریالیزمدا كورت بكەینەوە، ئەم بابەتەمان بە ڕوونی بۆ دەردەكەوێ.

بێگومان ئەگەر تێگەیشتن لە دیاردەكانی دنیای دەوروبەرمان كارێكی سادە و سانا بووایە و بە زوویی لە مێشكی ئێمە و هاوچەشنەكانماندا جێ گرتنی كۆنكرێتی هەبووایە، ڕەنگە بەشێكی یەكجار زۆر لە مشتومڕە فەلسەفییەكان و چالاكییە هزرییەكانی دیكەی مرۆڤ بەگشتی و پەراوێزە درێژكراوەكانی ژیان، بوونیان نەدەبوو و نەدەهاتنەكایەوە. بەڵام ڕاستییەكە ئەوەیە، مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لەو مشتومڕ و پەراوێزە درێژكراوانە. ڕاستە ئێمە لەڕێگەی هەستەكانمانەوە پەیوەندی لەگەڵ دنیای دەوروبەرمان درووستدەكەین و دەبینە خاوەنی مەعریفەیەكی هەستی سەبارەت بە شتەكان، بەڵام دواجار هەڵسوكەوت و تێڕوانینمان هەر لەو چوارچێوە هەستییەدا، نامێنێتەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پرسیارەکە لێرەدایە، ئایا ئێمە لە ڕەوتی هەڵسوکەوت و تێڕوانینمان بۆ ئەو شتانە، دەکەوینە ناو چ پرۆسە و کایەیەکی دیکەوە، کە لە هەنگاوەکانی دواتردا بۆمان ئاڵۆز دەبێ و دەکەوینە ناو پەراوێزییەوە؟ ئایا ئێمە تەنیا خاوەنی مەعریفەیەکی هەستین یان هەم هەستی و هەم عەقڵین؟ ئەو فاکتەرانە چین کە وادەکەن لەم پرۆسەیەدا، ئێمە چیتر لە چوارچێوەی بینینی هەستی دیاردەکان نەمێنینەوە؟ و، بە پێچەوانەوە بکەوینە ناو دنیای ئاڵۆزی شتەکان و هەوڵی کەشفکردنی مانا و دەرکەوتە و مەغزا جیاواز و ئاڵۆزەکانیان بدەین. لێرەوەیە دیاردەناسی وەك هەوڵێکی بێوچانی فەلسەفە و فەیلەسوفان سەرهەڵدەدات و دەیەوێت هەم لەلایەکەوە هۆکاری ئەو مەعریفە و ئاگاییە ڕوون بکاتەوە و هەم ئەو فاکتەرانەش ئاماژە پێبدا کە بوونەتە هۆی بەدیهێنانی ئەم حاڵەتە. ئێمەش بۆ ئەم توێژینەوەیەمان، دیاردەناسی هۆسرڵ و بنەماکانی مەبەستدارێتی و هەڵپەساردن و گەڕانەوە بۆ خودی شتەکانمان بەکارهێناوە و هەوڵدەدەین لە دەرکەوتەکانی حەبیبە وەك خۆشەویستی نالی و وەك مرۆڤێك بکۆڵینەوە و تایبەتمەندییەکانی دەربخەین.

**دیاردەناسی چییە؟**

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە چاو لە زاراوەی دیاردەناسی بکەین، ئەوا زاراوەکە کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ گریکەکان. زاراوەکە هەر لە سەردەمی چالاکی بیرمەندانی گریکەوە، هەڵگری بیرێکی فەلسەفی بووە. واتە دیاردەناسی هەڵگری ڕەهەندێکی فەلسەفییە و بیرمەندان بۆ دەربڕینی مەبەستە فەلسەفییەکانیان بەکاریان هێناوە.

زاراوەی دیاردەناسی بەرامبەر وشەی (Phenomenology) لاتینی بەکارهاتووە و پێکهاتووە لە دوو بەش (Phenomenon) واتا دیاردە یان دیار و (logy) واتا (ناسین)[١] . وشەی (Phenomenon) ، کە دواتر چەمکی (Phenomena)ی لێ دروست بووە، لە کاری (Phainesthai) یەوە وەرگیراوە، ئەمەش واتای (خۆ- دەرخستن) دەبەخشێ. کەواتە فینۆمینە واتا (ئەو شتەی خۆی دەردەخات و دەردەکەوێ). خودی وشەی (Phainesthai) لە وشەی (Phaino) هاتووە و واتای (لەبەر ڕۆشنایی دانان) دەگەیەنێ و Phaino سەر بە چاووگی (Pha) یە، وەکو (Phos) واتای ڕۆشنایی یانیش تیشکی هەیە[٢] . دیاردەکانیش ئەو شت (بوون)انەن، کە لە ڕۆشناییدا ئاشکرادەبن و خۆیان دەردەخەن، مرۆڤ دەرك بە بوونیان دەکات.

بەشی دووەمی چەمکەکە، لۆجی (logy) یە و لە وشەی لۆگۆس (Logos)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە. ئەم وشەیە لە زمانی یۆنانیدا، چەند واتایەك دەگەیەنێ و فەیلەسوفە یۆنانییەکان لە (هیراکلیتس)ەوە تا دەگاتە (ئەرستۆ) بەشێوەی جیاواز باسیانکردووە، کە بە واتای (گوتار، لێکۆڵینەوە، زانست) هاتووە .[٣]

لە زمانی ئینگلیزیدا (Phenomenology) و لە زمانی عەرەبیشدا (علم الظاهرات)[٤] و لە زمانی فارسیشدا (پدیدارشناسی)[٥] بۆ بەکاردێت. لە زمانی کوردیشدا (دیاردەناسی، دیاردەگەرایی، دەرکەوتەناسی) بۆ بەکاردێت.

---

[١] پدیدارشناسی، فهیمه دهقانی ناژوانی، http://www.pajoohe.com/fa/index.php?Page=definition&UID

[٢] بڕوانە: بوون و کات، مارتن هایدگەر، و. د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ٧٣

[٣] بڕوانە: فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کۆچ١٨، چا. بینایی، سلێمانی، ساڵ ؟، ل ١١

[٤] بڕوانە: معجم المصطلحات الادبیه، بول ارون- دینیس سان- جاك- الان فیان، ت. الدکتور محمد حمود، المؤسسه الجامعیه للدراسات والنشر والتوزیع، گ١، بیروت، ٢٠١٢، ص٨٤٤


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کەواتە کۆی وشەی (Phenomenology) وەك وشەیەکی لێکدراو، واتای (زانستی دیاردەکان) دەگەیەنێ. لە بەکارهێنانی نووسین و گوتنیشدا، دیاردەناسی وەك چەمکێك کە هەمان واتا و مەبەستی (Phenomenology) هەیە، بەکاردێت. وەك چۆن دەروونناسی، ناسینی دەروونی مرۆڤ و بابەتە دەروونییەکان دەخاتە بەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوە، ئەوا دیاردەناسیش دەیەوێ لە دیاردە و دەرکەوتەی هەموو ئەو شتانەی دەردەکەون، تێبگات. کەواتە دیاردەناسی زانستی دیاردە و دەرکەوتەکانە.

سەرەتای بەکارهێنانی وشەی دیاردەناسی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانییەکان. ئەفلاتوون لەپێش هەمووانەوە لە کۆتایی بەشی شەشەمی (کۆمار)دا، ئاماژەی بە فینۆمینە (Phenomenon)[٦] و نۆمینە (Nomenon)[٧] کردووە[٨]، جیاوازی لەنێوان دیاردەی هەستپێکراو لە جیهانی مادی لەگەڵ ڕاستییە عەقڵییەکان لە جیهانی نمونەیی (ئایدیالی)، کردووە. لە سەردەمی نوێشدا لێکۆڵەران پێیانوایە (یوحەنا هنری لامبرت) یەکەم کەسە وشەی فینۆمینۆلۆجیای لە سەدەی هەژدە لە ئەڵمانیا بەکارهێناوە و دواتریش (ئیمانوێل کانت) بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەکان، (Phenomena)ی لە بەرامبەر ئەو شتانەی لەپێش دیاردەکانەوە خۆیان حەشارداوە، بەکارهێناوە[٩]. هەروەها هیگڵیش لە ساڵی ١٨٠٧ز، کتێبێك بەناوی دیاردەناسیی ڕۆح (Phenomenology of mind) بڵاو دەکاتەوە. وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات دیاردەناسی ڕۆح، گوتاری مۆدێرنێتەیە لەمەڕ مۆدێرنە، واتە ئامانجی تێگەیشتنی فەلسەفەی مۆدێرنەیە لە کرۆك و جەوهەری خۆیدا.[١٠] هێگڵ لە کتێبی فینۆمینۆلۆجیی ڕۆح (Phenomenology of mind) دا بەمشێوەیە پێناسەی دیاردەناسیی کردووە، کە ((زانستێکی ئەزموونییە و ئاگایی بەجێی دەگەیەنێ))[١١]. واتە مێتۆدی دیاردەناسی پشت بە شارەزایی هۆشیاری دەبەستێ بۆ ناسینی دیاردەکان و بە مەبەستی گەیشتن بە جەوهەر و ناواخنی دیاردەکان لە دیاردەکان دەکۆڵێتەوە.

---

[٥] بڕوانە: پدیدارشناسی چیست، اندره دارتیگ، ت. دکتر محمود نوالی، سازمان مطالعة د تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، چاپ. هفتم، تهران ١٣٩٢ص٣

[٦] فینۆمینە (Phenomenon): لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، لە زمانی کوردیدا (دیاردە) یان (دەرکەوتە) و لە زمانی عەرەبیشدا (ألظاهرة) و لە زمانی فارسیشدا (پدیدە)ی پێدەگوترێ. واتە ئەو شتەی خۆی دەردەخات و بوونێکی ئاشکرای هەیە و ئێمەش ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەزموونی هەستەکییەوە دەیناسین.

[٧] نۆمینە Noumenon)): وشەیەکی یۆنانییە، مەبەست ئەو شتەیە، کە بیر لە هەبوونی دەکەیتەوە، نەك هەستی پێدەکرێت. واتە شتێکی ناوەکییە و شاراوە و نادیارە و لەودیو دیاردەکانەوەیە. لە لێکۆڵینەوەی دیاردەناسیدا تاکو دیاردە(Phenomenon) نەناسین ناتوانین لە نۆمینە تێبگەین و بیناسین. کەواتە نۆمینە ئەو شتەیە کە لەڕێگەی دیاردەوە دەتوانین درکی پێ بکەین و بیناسین.

[٨] بڕوانە: کۆمار، ئەفلاتوون، و. د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٢٢٠_٢٢٣

[٩] بڕوانە: التبئیر الفلسفی فی الروایه.. مقاربة ظاهراتیة تجربة سلیم برکات، د. شاهو سعید، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر، السلیمانیة، ٢٠٠٧، ص٧٥

[١٠] بڕوانە: ڕامانی هێگڵی، فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، رامین جیهانبگلو، و. ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای وەرگێڕان، چا. منارە، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٤_٥

[١١] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

هەموو ئەو بیرمەندانەی چەمکی دیاردەناسییان بەکارهێناوە، لەپێناو ناساندنی بۆچوونە فەلسەفییەکانیاندا بووە، بەڵام لەسەر دەستی (ئەدمۆند هۆسرڵ)[12] دیاردەناسی دەچێتە قۆناغێکی تایبەتمەندەوە، چونکە هۆسرڵ دیاردەناسی وەکو میتۆدێکی فەلسەفی خاوەن بنەما دەخاتە ڕوو و، بۆ یەکەمجار لەسەر زەمینەی واتای چەمکی دیاردەناسی، دیاردەناسی کردووەتە میتۆد بۆ دۆزینەوەی ناوەرۆکی دیاردەکان و بنەماکانی دیاریکردووە. دیاردەناسی لەم بارەوە، ((لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن شتەکان، بابەتەکان، وێنەکان، بیرەکان، هەست و نەستەکان لەناو هۆشیاریی مندا هەن یان خۆیان دەردەخەن))[13] . کەواتە دیاردەناسی بۆ ناسینی دیاردەکان، ڕەچاوی ئەوە دەکات چۆن دیاردەکان خۆیان دەردەخەن لە هۆشیاری خود دا. لەم بارەشەوە لێیان دەکۆڵێتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە جەوهەر و ناواخنی دیاردەکان.

خودی دیاردەش(Phenomenon)، بریتییە لەوشتەی کە خۆی دەردەخات و بوونێکی حەتمی هەیە و پێویست بەوە ناکات بیر، یان تەنانەت گومان لە هەبوونیشی بکەینەوە، بەڵکو ئەوەی پێویست دەکات دیاردەناس هەڵوەستەی لەسەر بکات، ئەوەیە هەندێ جار ((هەبوویەك دەتوانێت خۆی بە چەند شێوەیەك دەربخات. هەر یەکێك لە شێوەکانی دەکەوێتە سەر چۆنێتی ڕوانینمان بۆ هەبووەکە، تەنانەت هەبوویەك بەو شێوەیەی لەنێو خۆیدا نییە و خۆی دەربخات. لەم حاڵەتەدا هەبووەکە لە شتێك یان هەبوویەکی تر دەچێت. ئەو خۆدەرخستنەشی بە خۆدەرخستنێکی ڕواڵەتی دادەنێین))[14] ، ئەمەش خۆدەرخستنێکی ساختەیە و دۆزینەوەی خۆدەرخستنی ڕواڵەتیش لە ئەنجامی هۆشیاری و شۆڕبوونەوە بۆ جەوهەر و تێڕوانین بۆ پێکهاتە دەردەکەوێ، چونکە مرۆڤ لە پرۆسەی زانین و ناسیندا، ئاڕاستەی خۆی لە دیاردە و دەرکەوتەکاندا کورت دەکاتەوە، بۆیە پێویستە مرۆڤ جیاکاریی ورد لەنێوان دەرکەوت و شت (بابەت)دا بکات، چونکە ئەوەی دەردەکەوێ مەرج نییە ڕاست بێت یان بەتەواوی پەی بە حەقیقەتەکەی ببرێ.

لە هۆسرڵ و میتۆدی دیاردەناسییەوە، بنچینەیەکی نوێ بۆ لۆژیك و ئەپستمۆلۆژیا دروست بوو. دواتر ئەم گەڕانەوەیە بۆ خودی شتەکان لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەتەواوی ڕەنگیدایەوە، بەتایبەتی لە ((ڕەخنەی دوای تازەگەری، لە میتۆدی ڕەخنەی هێرمۆنتیك و هەڵوەشاندنەوەگەری و تیۆرەکانی وەرگرتن دا بەدیارکەوت، کە گرنگییەکی تەواوەتی بە خوێنەر دەدرێ، یانیش خوێنەر بە چەق دادەنرێ))[15] . ئەمەش دەسکەوتی میتۆدی

---

[12] ئەدمۆند هۆسرڵ (Edmund Husserl): ساڵی ١٨٥٩ لە پرۆسنیتس (مۆراڤیا)، کە ئەمڕۆ بەشێکە لە وڵاتی (چیك)، لە خێزانێکی سەر بە ئاینی جوو، لەدایك بووە. لە ساڵی ١٨٨١ دکتۆرای لەسەر ماتماتیك لە زانکۆی ڤیەنا تەواوکردووە. لەکاتی ئەرکی سەربازیدا، نووسراوەکانی ئەرستۆ و هێگڵی خوێندۆتەوە و کاریگەری فەلسەفەی (تۆماس ماساریك) و (فرانز برینتانۆ)ی لەسەربووە. لەساڵی ١٨٨٧ تاکو ١٩٠١ لە زانکۆی (هالە) مامۆستا بووە. دواتر لەساڵی ١٩١٦ تاکو ١٩٢٨ لە زانکۆی (فرایبۆرگ) وەك مامۆستا دادەمەزرێت. کاتێك نازییەکان دەسەڵاتی سیاسی لە ئەڵمانیا دەگرنە دەست، ڕوخسەتی وانەوتنەوەی لێ وەردەگرنەوە و ڕێگەش نادەن سود لە کتێبخانەکانی ئەڵمانیا وەرگرێت، چونکە هۆسرڵ جولەکە بوو. هۆسرڵ خۆی داوادەکات (مارتن هایدگەر) لە شوێنی وانە بڵێتەوە. لە ٢٧ی نیسانی ١٩٣٨ لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا، تووشی نەخۆشی دەبێت و کۆچی یەکجارەکی دەکات و لە شاری فرایبۆرگ بە خاك دەسپێردرێت. بڕوانە: (فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، ل٢٣ تا ٣٣).

[13] زانین و دەسەڵات، د. کەمال میراودەلی، چا. ڕەنج، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٩٦

[14] بوون و کات، مارتن هایدگەر، و. د. محەمەد کەمال، ل ٧٣

[15] الفضاء الروائي عند سليم بركات، د. شاكر سابير، اتحاد الادباء الكردي، مطبعة. رۆذهةلات، اربيل، ٢٠١٢، ص٣٢


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

دیاردەناسی بوو، کە دەق بە چەق دادەنرا. وەك چۆن لە ڕەخنەی کۆندا بابەتەکانی دەرەوەی دەق بە چەق وەردەگیران.

بایەخ و گرنگی بیرەکانی هۆسرڵ، کە لە میتۆدەکەیدا خستنیە ڕوو، لەوە دابوو، کە ڕێساکانی لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی ئاگایی و پێکهاتەکانی، ڕیکخستن و پیادەی کردن. ئەویش لەسەر بنەمای یەکێتی بوون و ئینتیمایان بۆ مەبەست (intentionality)، نەك لەسەر بنەمای لێکترازان و دابڕان لێیان، چونکە دیاردە هزری و دەروونییەکان، دەربڕی خواست و مەبەستەکانن و پێکەوە پەیوەستن بە یەکترییەوە. هۆسرڵ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە ، کە دیاردەناسی لە لێکۆڵینەوەدا، لە توانایدایە دوالیزمی نێوان (جەستە و عەقڵ) هەڵوەشێنێتەوە و لەشوێنیدا بنەمایەکی کامڵ دابڕێژێت بۆ تێگەیشتن لە هەڵسوکەوت و بیری مرۆڤ[١٦] .

بەشێك لەم بۆچوونە بۆ ئەو جیاکارییە دەگەڕێتەوە، کە سەبارەت بە ئەزموون لە ئارادابوو و لە ڕەوتی دیاردەناسیی هۆسرڵدا، خاوەنی گرنگییەکی زۆر بوو. بەڵام ئەوەی، کە لەلای هۆسرڵ جیاواز بوو، ئەوە بوو کە ناوبراو تەنیا لە ڕوانگەیەکی هەستییەوە سەیری ئەزموونی نەدەکرد، بەڵکو پێیوابوو ئەزموون تەنیا وەرگرتن و هەستپێکردنێکی هەستەکی (پەیوەست بە هەستەکانی مرۆڤ) نییە. بەڵکو زۆر بابەتی تری وەکو وێناکردن، بیرکردنەوە، هەست و سۆز، حەز، ئیرادە و خواست، لەخۆدەگرێ[١٧] .

ئەگەر خودی مرۆڤ بوونێکی جیاواز و بەرزی هەبێت، ئەوا هەر یەك لە ئێمە دەبێ بە خاوەنی جیهانێکی تایبەت و جیاوازتر لە جیهانی ئەوانی تر. ئەم تایبەتمەندییەی هەر تاکێکیش لە هەمان کاتدا، تاك دەکاتە خاوەنی ئەزموون، کە ئەم ئەزموونە وادەکات هیچ کەسێك لە کەسێکی تر نەچێت.[١٨] بۆنمونە ئەو تێگەیشتن و لێکدانەوەی بۆ دەقێکی دیاریکراوی ئەدەبی هەمە، کە لەنێو (خۆ)ی مندا ڕوو دەدات لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی کەسێکی تر جیاوازترە، چونکە ئەزموونمان وەکو یەکتری نییە. ئەو جیاوازییەی لەنێوانماندا هەیە دەمانکاتە خاوەن دوو (خۆ)، کە خاوەن ئەزموونی تایبەت بە خۆمانین و هۆسرڵ بە ترانسێندتال ناوی دەبات. لە ڕاستیدا کۆی ئەزموون و ڕوانینی من لێرەدا، سەربەخۆ لە هەر ئەزموون و ڕوانینێکی تر، مانایەکی تر بۆ بوونی شتەکان دەخوڵقێنێ.

ئەزموونی مرۆڤ سەر بە جیهانی ناوەوەی (خۆ)یە و کەسێکی تر ناتوانێت بەشداری تێدا بکات. بۆیە ئەو جیاکارییەی لەنێوان تاکێك بۆ تاکێکی تر دەکرێت لەسەر جیاوازی ئەو پاشخان و بیروباوەڕە دروست بووە، کە لە ڕابردوودا هەر کەسە و بەجۆرێك خۆی لەسەر جۆرە بیروبۆچوونێك میقات کردووە و خۆی لەسەر ئەم جۆرە بیروباوەڕە پەروەردەکردووە. دواتریش ئەو جیاوازییەی لەنێو ئەزموونی کەسێك بۆ کەسێکی تر دروست دەبێ، دەوەستێتە سەر جیاوازی پاشخانی مەعریفی هەر یەك لەو کەسانە و دواجاریش هیچ کەسێك ناتوانێ بەشداری لە ئەزموونی یەکتریدا بکات. لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە، ئەی چۆن لێکۆڵەران و ڕەخنەگران کۆکن لەسەر دابەشکردنی شاعیرانی کورد بەسەر ڕێبازە ئەدەبییەکاندا؟ لە کاتێکدا مرۆڤەکان ناتوانن بەشداری لە ئەزموونی

[١٦] بڕوانە: ألمصطلحات الأدبية الحديثة- دراسة ومعجم انجليزي- عربي، الدكتور محمد عناني، الشركة المصرية العالمية للنشر، بيروت- لبنان، ١٩٩٦، ص١٥٨

[١٧] بڕوانە: www.philosophybasics.com

[١٨] بڕوانە: فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، ل٤٠-٤١


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

یەکتریدا بکەن؟ بە واتایەکی تر ئەی چۆن (کۆمەڵە ڕەخنەگرێك)، کە خاوەنی بیروبۆچوونی ڕەخنەیی جیاوازن، کەچی کۆك دەبن لە پۆلێنکردنی شاعیران بەسەر چەند ڕێبازێکی ئەدەبی دیاریکراودا؟ لە ڕاستیدا ئەو کۆك بوونە ڕێکەوتنی نێوان کەسەکانە، کە کەسانێك بۆ کۆکبوونیان لەسەر بیروبۆچوونێك گفتوگۆیەکی مەعریفی لەنێوانیاندا دروست دەبێ. هەر بۆنمونە ڕەخنەگرانی کورد لەسەر دانانی (عەبدوڵا گۆرانی شاعیر) لەناو ڕێبازێکی ئەدەبی کۆك و هاوڕا نین. دانانی گۆران لە هەر ڕێبازێکدا لەلایەن چەند ڕەخنەگرێکەوە، بە مانای ئەوە نایات، کە بەتەواوی و سەد لە سەد ئەو چەند کەسە یەك بۆچوونیان لەسەر دانانی گۆران لە ڕێبازێکدا هەیە. بەڵکو ئەو چەند ڕەخنەگرەی کە دەیانەوێ لە ڕێبازێکدا جێگیری بکەن ئەو سەرنج و تێبینییانەش دەخەنە ڕوو کە دەشێ گۆران بەم ڕێبازە ناتەبا بێت. بۆیە ئەو ڕێککەوتن و بیروباوەڕەی گۆرانی شاعیر بە ڕێبازێك دەبەستنەوە سەلمێنەری لێکنزیکی ئەزموونی ڕەخنەگرەکانە بۆ هەمان پرس، ئەمەش ڕەتکەرەوەی بۆچوونەکەی پێشوو (ئەزموونی مرۆڤ سەر بە جیهانی ناوەوەی (خۆ)یە و کەسێکی تر ناتوانێت تیایدا بەشداری بکات) نییە. بۆیە لە هەر ڕێککەوتنێکدا ئاساییە کەسێك یان چەند کەسێك ئەزموونەکەیان لە ڕێککەوتنەکەدا هەڵپەسێرن و لە دژی ڕێککەوتنەکە بوەستنەوە، چونکە ئەو ئەزموونەی هەیانە ڕادەی جیاوازی لەگەڵ ئەزموونی ئەوانی تر زۆرترە بۆ ڕێککەوتنەکە.

سەبارەت بە ناسینی مرۆڤەکان، هۆسرڵ پێیوایە بوونی کەسانی تر لە ڕێگەی گەیشتن بەو لایەنە جیاوازانەی بوونییەوە (کە هۆسرڵ بە منی ترانسێندتاڵ ناوی دەبات) بۆ ناسینی کەسی بەرامبەر لە ڕێگەی ئەو دیاردانەوەیە، کە نوێنەرایەتی ئەو دەکەن و گوزارشت لە بوونی دەکەن، یان بە گشتی من لە ڕێگەی ڕوخسارەوە جەوهەری کەسەکە دەناسم. ئەویش بە لێکدانەوەی دیاردەکانەوە (ئەو) دەناسم، کە خاوەنی (خۆ)یە و (خۆ)ش خاوەنی هۆشیارییە. من لە ڕێگەی دیاردەکانییەوە دەیکەمە بابەتی بیرلێکردنەوەم[19] . بەپێی ئەم بۆچوونە، دیاردەکانی هەر کەسێك ناسێنەری جەوهەری کەسەکەیە. واتە ئەو خوو و کردەوانەی هەر کەسێك هەیەتی، کە دواجار بەشێکی دەرکەوتەی کەسەکەن، دەبنە بەڵگەی جۆری خودی کەسەکە. چونکە ئێمە دەرکەوتە (فکری، کردەیی)یەکانی کەسەکە دەکەینە پێوەر و پرد بۆ ناسینی جەوهەری کەسەکە. کەواتە دەرکەوتەی مۆڕاڵ و چاکەخوازی و مرۆڤخوازیی هەر کەسێك، ناسینی من بۆ کەسەکە ڕێنوێنی دەکات تا بە کەسێکی (باش) بیناسم، هەروەها بەپێچەوانەشەوە.

بیرکردنەوە لە بۆشاییدا دروست نابێت، وەك چۆن ئاڕاستەی بۆشاییش ناکرێت. کرداری بیرکردنەوە پێویستە تەنێ بیرکردنەوە بێت لە شتێك، چونکە تایبەتمەندی هەستکردن، بە بەردەوامی بە ئاڕاستەی ئەو شتانەیە، کە ڕووبەڕووی دەبنەوە[20] . لێرەدا کۆجیتۆی ((من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم_ ی دیکارت، لای هۆسرڵ دەبێتە _من بیر لە شتێك دەکەمەوە، کەواتە من هەم))[21] . ئەمەش وەرچەرخانێکی سەرەکی بیری هۆسرڵە، کە (من) لە ڕەهەندێکی بەرتەسکەوە لە (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)ی دیکارتەوە، ڕووەو ڕەهەندێکی بەرفراوانی (من بیر لە شت (بوون)ێك دەکەمەوە کەواتە من هەم) دەڕوات. واتە هۆسرڵ (من) لە بازنەی میتافیزیکەوە

[19] بڕوانە: فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، ل٤٤

[20] بڕوانە: الفینومینولوجیا عند هوسرل، سامح رافع محمد، دار الشؤون الپقافیه العامه، بغداد، ١٩٩١، ص٣٤

[21] التبئیر الفلسفي في الروایة.. مقاربة ظاهراتیة تجربة سلیم برکات، د. شاهو سعید، ص٨١


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەگوازێتەوە بۆ بازنەیەکی بەرفراوانتر، (من)ێکە کارلێکی لەگەڵ هەموو شتەکاندا هەیە. ئەمەش جیاوازی جەوهەری نێوان (دیکارت و هۆسرڵ) دەردەخات لە تێڕوانینیان بۆ (من).

لێرەدا، هەوڵدەدەین سەرنجی گرنگترین ئەو بنەمایانە بدەین، کە وەکو بنەمای دیاردەناسی دەناسرێن و، وادەکەن رەوتی تێگەیشتن لە دیاردەکان رەهەندێکی جیاوازتر لە خۆبگرێ، کە تەنیا و تەنیا تایبەت بێ بە ئەزموون و ئاوەزی خودی بینەر و هەستپێکەر. هەر لە سۆنگەی بەکارهێنانی ئەم بنەمایانەوەیە، کە حەبیبەی نالی، لە وێنەیەکی جیاوازتری ناو تێگەیشتنی ئەوانی تر، دەردەکەوێت.

**بنەماکانی دیاردەناسی**

**١ـ مەبەستدارێتی (القصدیه) (Intentionality)**

مەبەستدارێتی (القصدیه) یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی میتۆدی دیاردەناسی. هۆسرڵ لەژێر کاریگەری (برینتانۆ)دا سودی لەم بنەمایە وەرگرتووە بۆ میتۆدەکەی. هۆسرڵ لە کتێبی لێکۆڵینەوە لۆجیکییەکان (Logical Investigations)دا، مەبەستدارێتی وەك بنەمایەکی دیاردەناسی دەخاتە ڕوو.

برینتانۆ لە خستنەڕووی بیرۆکە دەروونییەکانی بۆ دامەزراندنی زەمینەیەکی پتەو بۆ بۆچوونەکانی، لەسەر مەبەستدارێتی سودی لە ئەرستۆ وەرگرتووە. بە بۆچوونی (برینتانۆ و هۆسرڵ)، هەموو چالاکی و ئەزموونێکی ئاگامەندی، مەبەستدارە. واتا هەر چالاکییەکی بە هۆشیارییەوە ئەزموونکرا، مەبەستێکی لەپشتەوەیە. کەواتە مەحاڵە هۆشیاری لە ئەزموونەکەیدا بەبێ ئەو بابەتەی بیری لێدەکاتەوە بدۆزرێتەوە،و، بە بەردەوامی ئاگایی بە مەبەستەوە ڕوو لە دیاردەکانی جیهان دەکات[٢٢] . بەم پێیە تاك لە ڕوانینی بۆ هەر دیاردەیەك، مەبەستێك هاندەریەتی. کەواتە ئێمە لە بەدەستهێنانی زانیاری لە دەرکەوتەیەکدا مەبەستێکمان هەیە. وەك چۆن هۆسرڵ پێیوایە ((مەبەستدارێتی ئاڕاستەکردنێکی نیازمەندانە و ئامانجخوازانەی هۆش و ئاگامەندییە، لە دەرکەوتەکانی بوون))[٢٣] . هۆکاری سەرەکیی مرۆڤ بۆ زیاتر زانینی شتەکان، ئەو سروشتەیە، کە لە ئەزەلەوە لەگەڵیدایە. هەر بۆیە ئاگایی مرۆڤ لە بەرامبەر بوون (شت)ەکاندا، ناسین و دەستنیشانکردنی ڕادەی ڕاستییان و پەیبردن بە واتاکانیانە، کە هەموو ئەمانەش مەبەستێکی دیاریکراو پاڵیان پێوەدەنێ. واتا ئێمە هەڵگری مەبەستێکی دیاریکراوین بۆ دیاردەکان. ((مەبەستدارێتی پەیوەندی نێوان ئاگامەندی و جیهان دیاریدەکات. لەو هەڵوێست و بۆچوونە ئایدیالیستیانە دوورمان دەخاتەوە، کە دەسەڵاتێکی ڕەها بۆ دامەزراندنی واتا، بە ئاگامەندی دەدەن و بایەخ بە جیهانی دەرەکی نادەن))[٢٤] .

هەمیشە بیرکردنەوە، بیرکردنەوەیە لە بابەتێك، کەواتە بیرکردنەوە بەبێ بابەتێك ڕوونادات. ((مرۆڤ ناتوانێت بیر لە هیچ بکاتەوە، یانیش بەبێ بابەتی بیرکردنەوە بیربکاتەوە))[٢٥] . هەموو بیرکردنەوەیەك مەبەستێکی لەپشتە بۆئەوەی کردەی بیرکردنەوە ڕووبدات، چونکە زەینی ئێمە هەمیشە نیازمەندانە و ئاگامەندانە مامەڵە

---

[٢٢] بڕوانە: Edmond Husserl, Logical Investigation, vo 12, Inv 5, s16-17

[٢٣] میتافیزیك لە ڕێڕەوی سەردەمدا، نەوزاد جەمال، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چا. موکریانی(هەولێر)، چ١، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٨٦

[٢٤] فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، ل٤٨

[٢٥] سەرچاوەی پێشوو ، ل٤٩

لەگەڵ بوون و دەرکەوتەکاندا دەکات. بۆیە پێویستە بابەتێك یان شتێك هەبێ بۆئەوەی پرۆسەی ئاگامەندی مرۆڤ ڕووبدات، چونکە مەبەستداریێتی جەختکردنە لەسەر پەیوەندی نێوان بیرکردنەوە و بابەتی بیرلێکراوە. ئەم پەیوەندییەش ئاماژە بۆ سێ لایەنی پێکەوە گرێدراو دەکات:[٢٦]

یەکەم/ خودی بیرکردنەوە

دووەم/ بابەتی بیرلێکراوە

سێیەم/ واتا

لایەنی سێیەم کە (واتا)یە، مەبەستە سەرەکییەکەی پرۆسەی بیرکردنەوەی هۆشیارانەی مرۆڤە. واتە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی واتایەکی تر بیردەکاتەوە.

بیرکردنەوە Noesis ------> بیرلێکراوە Noema ------> واتا

هەروەها هۆسرڵ لە کتێبی ئایدیاکان (Ideas I)دا، ئەم ڕایەڵی پەیوەندییەی، بە نۆیەما (Noema) و نۆیەسس (Noesis)[٢٧] ناوبردووە. بۆ تێگەیشتن لە واتای (واتا) و چۆنییەتی ئەزموونکردنی تاکەکەسەکان، لە ئاستی جیهانی دەرەوەدا ئەم ڕایەڵەی دامەزراندووە. لەم بارەشەوە (دێرموٚت موٚران) ئەم هەوڵدانەی هۆسرڵ بۆ دامەزراندنی ڕاڕەوی نۆیەما و نۆیەسس بۆ تێگەیشتن لە واتای واتا، بە گەورەترین دەستکەوتی دیاردەناسانە وەسفکردووە[٢٨] . بەپێی مەبەستداریێتی بێت، هەمیشە بیرکردنەوەکانی مرۆڤ ڕوو لە بابەتێك دەکەن، بە مەبەستی ئاشکرابوون و ناسینی بابەتەکە و تێگەیشتن لە بابەتەکە. کەواتە ئەو بابەتەی بیری لێدەکرێتەوە مادی یان مەعنەوی بێت، لەنێو جیهان یان خەیاڵی مرۆڤدا بێت، ئەوا نۆیەما Noema یە. واتە ئەو شتەیە یان ئەو ئەندێشەیە، کە بیری لێدەکرێتەوە. هەرچی پرۆسەی بیرکردنەوە یان ئەزموونیشە، کە لە خزمەتی ناسینی بابەتەکەدایە و دواجاریش دەبێتە هۆکاری دیاریکردنی واتاکەی، ئەوا بە نۆیەسس Noesis ناودەبرێ. بۆیە ((ناکرێ کردەی هەستکردن بەبێ بوونی شتی بیرلێکراوە Noema بێتەدی، بۆیە مەبەستداریێتی لای هۆسرڵ ئەدگارێکی جەوهەرییە بۆ کرداری هەستکردنی دیاردەناسی))[٢٩] .

لەم ڕووەوە ((دیاردە ئامادەیی خۆی بۆ بیرلێکردنەوە دەردەخات و بیرکردنەوەش ڕوو لە ئامادەبوونەکە دەکات. ئەو کێشەیەی سەرهەڵدەدات و پێویستە ئاوڕی لێبدرێتەوە، فرەجۆری ئەزموونەکان و فرەلایەنی بابەتەکانی نێو ئەزموونەکانە))[٣٠] . کەواتە ئەو ئەزموونەی چەند ساڵێك لەمەوبەر بۆ تێڕوانینی نالی بۆ مەستوورە لە قەسیدەی (مەستوورە کە حەسناو ئەدیبە بە حسابێ...) هەمبوو، زۆر جیاوازترە لەو ئەزموونەی ئێستا بۆ

---

[٢٦] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠

[٢٧] ئەم دوو وشەیە (Noesis, Noema) لە بنەڕەتدا یۆنانین. یەکەمیان (Noema) واتای ئەو بابەتە دەبەخشێ کە بیری لێدەکرێتەوە، یان بیرکردنەوە ڕووی تێدەکات. دووەمیشیان (Noesis) چالاکی یان خودی بیرکردنەوەکەیە، تاکو بە واتای بابەتەکە دەگات. (فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، ل٥٠).

[٢٨] بڕوانە: سەرچاوەی پیشوو ل٥٢-٥٣

[٢٩] الفینومینولوجیا عند هوسرل، سامح رافع محمد، ص١٣٥

[٣٠] فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، ل٥٤


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەمان بابەت هەمە. بۆنمونە ئەوکات پێموابوو ڕقێکی زۆر نالی ناچاری نووسینی ئەم قەسیدەیە کردووە. کەچی ئەمڕۆ ئەو واتایەی تێدا دەبینم کە خۆشەویستی و پێگەی نالی بۆ مەستوورە هۆکاری ئەم تەرزە وەسفە بووە.
وەك دیارە بە تێپەڕبوونی کات، هەم ئەزموون و هەم بابەتەکە گۆڕانی پێچەوانەیان تێدا ڕوودواە. ئەو ئەزموونەی پێشتر بۆ ئەم بابەتەم هەبوو، لەگەڵ ئەم ئەزموونەی ئێستا دوو شتی لێکجیاوازن. فرەئەزموونی هۆکاری سەرەکیی ئەم گۆڕانەیە. کەواتە لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا، نالی و مەستوورە و قەسیدەکە بۆ من یەك نۆیەما و دوو نۆیەسس بوون.
کەواتە هەر بابەتێکی ناو جیهان قابیلی بیرلێکردنەوەیە. بیرکردنەوەش بە مەبەستەوە ڕوو لە بابەتەکەی دەکات. پێویستە ئەوەش بزانین کە ((مەرج نییە مەبەستدارێتی، ڕاستی مسۆگەر بکات. کاتێك تەماشای بابەتێك دەکەین، دڵنیانین ئەو شتە ڕاستە یان نا. لێرەدا دوو خاڵ قوتدەبنەوە، یەکەمیان ئاگامەندی چالاکییە و بەردەوام ڕوو لە جیهانی دەرەوە دەکات و هۆسرڵ ناویناوە مەبەستدارێتی. دووەمیان هیچ کاتێك ئەزموونی ئاگامەندی بەبێ ئەو بابەتەی لە نێو جیهاندا ڕووی تێدەکات، مەبەستدارێتی ڕوونادات))[٣١] . بۆنمونە کاتێك لە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا لە دوورەوە گۆمی ئاو لەسەر ڕێگاکەم دەبینم. کاتێك نزیکدەبمەوە بۆم دەردەکەوێ کە ئاو نییە و تراویلکەیە (سەراب)ە. لێرەدا ئەزموونەکەم بە دروستی بابەتەکەی نەناسی، یانیش ئەو شتەی وەك ئاو خۆی دەردەخست، تراویلکە بوو. ڕاستی بابەتەکە لە ئەزموونمدا وەکو خۆی دەرنەکەوت و زانینەکەشم بۆ بابەتەکە هەر لە سەرەتاوە نادروست بوو. ئەم ئاکامەش نکۆڵی لێناکرێت و ناتوانم لەسەر ئەوەی، ئەو شتەی لە دوورەوە دەمبینی ئاوە و هیچ شتێکی تر نییە، سووربم.
سەبارەت بەم ئاکامە نادروستەی، کە لە دوورەوە دەمبینی، کە ئاوە و دواتر لە نزیکەوە بۆم ڕوون بووەوە تراویلکە (سەراب) بوو، دەتوانم جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە دیاردەیەکم بینیوە ئەگەرچی دیاردەکە بۆ من بەڕاست دەرنەکەوت، بەڵام گرنگ نییە بابەتەکەم بەڕاستی ناسیبێ یان نا. ئەو بابەتە لە هەر وێنەیەکدا خۆی بۆ من دەربخات و بکەوێتە ناو ئەزموونمەوە دەبێتە دیاردە، چونکە ئەزموونی من قەت بەبێ دیاردە و بابەتەکە ڕوونادات. هۆسرڵ ئەمە بە (بنەمای هەموو بنەماکان) ناودەبات و دەڵێ: "هیچ بیردۆزەیەك سەبارەت بە بنەمای هەموو بنەماکان ناتوانێت ڕێگەمان لێ ون بکات و هەموو دیاردەیەك بۆ درککردنمان دەبێتە سەرچاوەی زانینمان"[٣٢] . مەبەستی هۆسرڵ ئەوەیە، ئێمە هەرچەندە لە ئەزموونەکانماندا تووشی هەڵەکردن ببین و بینراوە ڕاستییەکان نەناسین، نابێ ڕەشبین بین و ئەو ڕاستییەمان لەبیرچێت، کە لە هەموو حاڵەتێکدا دیاردەیەکمان لەنێو ئەزموونەکەماندا دۆزیوەتەوە و هیچ بۆچوونێکی فەلسەفی و زانستیانە ناتوانێت پێچەوانەکەی بسەلمێنێت[٣٣] .

---

[٣١] فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، ل٥٠
[٣٢] بڕوانە: Edmond Husserl, Ideas I, a General Introduction to Pure Phenomenology, transtated by W. R. Boyce Gibson, London: Allen and Unwin, 1931, section 24, p. 43
[٣٣] بڕوانە: فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، ل٥٩


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

**٢ـ هەڵپەساردن (تعلیق) (Epoche)**

هەڵپەساردن یەکێکی ترە لە بنەماکانی میتۆدی دیاردەناسی. هۆسرڵ لە کتێبی (تێڕامانە دیکارتییەکان، یاخود دەروازەیەك بۆ دیاردەناسی) دەڵێ: "پێویستە خۆمان داماڵین لە هەموو بیروبۆچوونێکی ڕابردوو"[٣٤]. واتە کاتێ لە دیاردەیەك ورد دەبینەوە، پێویستە خۆمان بە دوور بگرین لە ئاڕاستەی سروشتی natural attitude)) و بەپێچەوانەوە، بۆ چوونە سەر ئاڕاستەی دیاردەناسی phenomenology attitude))، ئەوا پێویستە هەموو ئەو باوەڕانەی ئەم دیاردەیەیان دەوردەاوە هەڵپەسێرین. هۆسرڵ بۆ ئەم کارە سودی لە وشەی (Epoche)ی گریکی وەرگرتووە و وەکو بنەمایەکی دیاردەناسی دەیناسێنێ، کە بە واتای هەڵپەساردن دێت[٣٥].

ئەگەر بمانەوێ دیاردەناسانە شتێك بناسین، ئەوا پێویستە کۆی بیروباوەڕ و تێڕوانینی کەسانی تر هەڵپەسێرین و خودی بابەتەکە بخەینە نێو دوو کەوانەوە بۆئەوەی زانیارییە پێشوەختەکان، کاریگەری لەسەر ناسینی بابەتەکە دروست نەکەن و دیاردەکە چۆن خۆی دەردەخات، بیناسین. کەواتە ئێمە بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی دەرکەوتە و بابەتەکان، تۆزی ڕۆژگار و مێژوو و بیروباوەڕی کەڵەکەبووی خورافە و کولتور و ئاین و ئایدۆلۆژیا ... هتد، کە دەوری دیاردەکەیان داوە، لە بابەتەکە داماڵین و تەنیا خودی بابەتەکە بخەینە دوو کەوانەوە و لێی وردبینەوە و بەو شێوەیەی کە چۆن خۆی بۆ ئێمە دەردەخات، وەسفی بکەین[٣٦]. چونکە میتۆدی دیاردەناسی میتۆدێکی وەسفکەرانەیە و دژی هەر پێشگریمانە و پێشباوەڕییەکە و دەبێ خۆمان لە هەموو جۆرە پێشباوەڕی و بیری باو دەربارەی شتەکان و چۆنێتییان بەدوور بگرین. لەم ڕێڕەوەدا، هەموو ئەو زانینانەی لە خێزان، کۆمەڵگە، خوێندن و خوێندنەوە فێریان بووین، نابێ ببنە بەشێك لە ناسینی دیاردەکە، بەڵکو بینین و بیر و هەست و توانای درکپێکردن و لێکدانەوە بەکاردەهێنین بۆ ناسینی ئەو دیاردەیەی، کە وەسفی دیاردەناسانەی دەکەین، بۆئەوەی شتەکە وەك چۆنە بیناسین، نەك وەك ئەوەی ئەوان چۆن دەیناسن، بیناسین[٣٧].

لەڕاستیدا ئیپۆخێ هاوشێوەی چەمکی گومانی دیکارتە، بەڵام ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە، هۆسرڵ هەڵپەساردنەکەی کاتییە و بەجارێك دەریناکاتە دەرەوە. ئەمەش لە پێناو چڕکردنەوەی تێڕوانینی خود بۆ تایبەتمەندییە جەوهەرییەکانی دیاردەکەیە[٣٨]. بەو هۆیەی مرۆڤ لە ناسینی دیاردەکاندا ئەگەر کاریگەری و زانیارییەکانی دەوروبەری لەبەرچاو گرت، دەبێتە دووپاتکەرەوەی ئەو ناسینەی، کە ئەوانی تر بۆ دیاردەکە هەیانبووە. بۆیە ((هۆسرڵ باوەڕی بە ناسینی شتەکانە بەوجۆرەی کە هەن، واتە ڕەتکردنەوەی هەر پێشباوەڕی و پێشنیاز و بڕیارێکی پێشوەخت، بۆ ماوەیەکی کاتی. بەلای هۆسرڵەوە بۆ تێگەیشتن و ناسینی هەر شتێك

---

[٣٤] بڕوانە: دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، د. یادگار لەتیف شارەزووری، چا. هێڤی، چ١، هەولێر،٢٠١٥، ل١٩

[٣٥] بڕوانە: جنبش پدیدارشناسی، گفت و گو با شمس الملوك محگقوی علی بابایی
http://www.ettelaathekmatvamarefat.com/new/index.php?option

[٣٦] بڕوانە: مدخل الی الفلسفە الظاهراتیة، د. أنگون خوری، دار التنویر، للطباعة والنشر والتوزیع، ٢٠٠٨، ل٧٦

[٣٧] بڕوانە: زانین و دەسەڵات، د. کەمال میراودەلی، ل٩٨

[٣٨] بڕوانە: دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، د. یادگار لەتیف شارەزووری، ل١٩


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێویستمان بە ناسینی خودی دیاردەکان هەیە))[39] ، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ئەو تێڕوانینەی بەرهەمدێ، جیاوازبێت لە هەر بۆچوونێکی تری پێشوو. کەواتە بۆ هەر تێگەیشتنێکی دیاردەناسانە لە دەقێکی نالی، پێویستە هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی پێشتر لەسەر شیعرەکانی نالی کراون هەڵپەسێرین، تاکو هیچ ڕنگدانەوە و کاریگەرییەکیان لەسەر دیاردەناسیی بابەتەکە دروست نەبێت. لێکۆڵەر دەبێ چۆن بابەتەکە دەبینێ لێکیداتەوە و بچێتە جەوهەری دەقەکەوە، تاکو دەقەکە چۆن خۆی بۆ دەردەخات بیخاتە ڕوو، بەبێ گەڕانەوە بۆ هەر ڕاڤە و بڕیارێکی پێشوەختەی ئەوانی تر. لەم بنەمایەدا ((دەبێ تەنیا بایەخ بە خەسڵەتی گەوهەری شت بدرێ، کە چۆن لە هۆشدا بەرجەستە دەبێ. ئەم ڕەوشە وا پێویست دەکات، کە هەموو بیر و بۆچوونێکی پێشوتر پشتگوێ بخرێت. مرۆڤ خۆی لە بڕیاردان ببوێرێ. بەبێ ئەوەی گومان لەبوونی هەر شتێکی دەرەکی بکرێت، دەبێ بیر، کە لەو پرۆسەیەدا پشتی پێدەبەسترێ، بوونی ڕیالیستی شت هەڵپەسێرێ بەشێوەیەکی کاتی))[40] ، چونکە مرۆڤ لەگەڵ دروستبوون لەنێو جیهاندا، کۆمەڵێك نەریت و بیروباوەڕی بەسەردا دەسەپێندرێت و بە ناچاریی نەست (unconsiouness) پەیڕەویان لێدەکات، ئەمەش ڕێگەی پێنادات بە بێلایەنانە و سەربەستانە لە ڕاستییەکان تێبگات. هەمیشە بەم دۆگمایانەوە ڕوو لە ڕاستییەکان دەکات و بێلایەنی بۆ ناپارێزرێت. ئەمەش ڕێگرێکی حەتمییە لە ئاست ناسینی ڕاستی دیاردەکان. هەر لەبەرئەمەیە، هۆسرڵ بنەمای ئیپۆخێی بەتەواوی هێنایە پێشەوە و داوادەکات شوێن دۆگماکان نەکەوین و پشت بە هیچ پێشبیر و پێشبڕیارێك نەبەستین[41] . چونکە دیاردەناسی فێرمان دەکات، کە ورد بین و ئەوەی دەشیبینین وەك خۆمان ببینین، نەك وەك ئەوانی تر و دواتریش هەر وەك خۆمان لێیان تێبگەین. بۆیە هەڵپەساردن لە میتۆدی دیاردەناسیدا ئەگەرێکی داخراو نییە و کراوەیە، هەڵپەساردن هەڵوێستێکی کراوەیە نەك حوکمدار، چونکە لەمیانەی هەڵپەساردنی زانیاری و دۆگماکانی پێشوو دەرگا بە ڕووی شێوەیەکی نوێی ئەزموونکردن و بیرکردنەوە و تیوریزەکردن بۆ لێکۆڵەری دیاردەناسی دەکرێتەوە[42] .

لە ڕوانگەی هۆسرڵەوە، خۆڕزگارکردن لە دۆگما و بیروباوەڕ و پێشبیرەکان، لەم چوارخاڵەدا کورت کراونەتەوە:[43]

١. خۆڕزگارکردن لە دەسەڵات
٢. خۆڕزگارکردن لە نەریتی باو
٣. خۆڕزگارکردن لە زانستی باو
٤. خۆڕزگارکردن لە بیردۆز و بۆچوونەکان

---

[39] هێرمێنۆیتیك و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین، دارا مەحمود، گ. ڕەهەند، ژ. ١٤-١٥، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چ. ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٩٧-١٩٨

[40] چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلی، شوێن. ئەکادیمیای کوردی- هەولێر ، ڕۆژی ٢٢/١٢/٢٠١٥

[41] بڕوانە: فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا، د. حەمید عەزیز، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چا. ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر، ٢٠١٣، ل٢٨٧

[42] بڕوانە: دیاردەناسیی شوێن و شوناس، ڕێبوار سیوەیلی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ. تاران، چ١، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥٣

[43] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

بۆ ناسینی دیاردەکان ئەگەر خۆمان ڕزگار نەکەین لە هەر یەك لەم خاڵانە، ئەوا ناتوانین دیاردەکە وەك خۆی بناسین یان باشتر بڵێین، ببینە خاوەن ناسینێکی دیاردەناسانە. چونکە خۆڕزگارنەکردن لە هەر یەك لەم پێشبیرانە دەبێتە هۆی تێگەیشتنمان لە دیاردەکە لە نێو چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەواندا و دواجار دووبارەکردنەوەیان.

کاتێك باس لە هەڵپەساردن دەکەین، دەبێ لەبیرمان نەچێ، مرۆڤ ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات لەو زانیارییانەی کە لەوانی ترەوە وەریگرتوون و دواجار بوونەتە سەرچاوەی ناسینی زۆر شت بە لایەوە، بەڵام ئەوەی لە ناسینی دیاردەناسانەدا جیاوازە ئەوەیە، ئەو زانیارییانە تەنیا بەشێکن لە شعوری شکلگرتووی کەسی دیاردەناس و لە چوارچێوەی سیستەمی عەقڵانی تێگەیشتن و سەرچاوەکانی زانیاری پێشوودا نین.

### ٣ـ گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان

گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان، بنەمایەکی تری دیاردەناسییە. هۆسرڵ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بۆ ناسینی هەر شتێك، پێویستە بگەڕێینەوە سەر خودی شتەکە خۆی. هۆسرڵ لەم پرەنسیپەدا، ئاماژە بۆ چییەتی بابەتەکان دەکات و بە پێویستی دەزانێ ڕاستەوخۆ بگەڕێینەوە بۆ خودی شتەکان، چونکە ئەم گەڕانەوەیە بۆ سەر خودی شتەکە خۆی، تاکە ڕێگەی گەیشتنە بە ڕاستی لە میتۆدی دیاردەناسیدا، کە لەدوای قۆناغی هەڵپەساردن دێت. ئەمەش بە وازهێنان لە هەموو زانیاری و بڕیارە پێشوەختەکان بۆ شیکردنەوەی گشت ئەو بابەتانەی لە هۆشیاری خودەوە سەرچاوەیان گرتووە[٤٤] . ئەم بنەمایە لە ئاست ناسینی شتەکاندا، هەموو پێشدەواری و زانیاری پێشوەخت بەلاوە دەنێ و خودی شتەکە خۆی، دەکاتە بابەتی بیرلێکردنەوە. کەواتە چەمکی دیاردەناسی ((ڕاستی ئەو یاسایە دەردەبڕێت، کە لە شێوازی (گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان) دەردەکەوێت. دژی هەموو دامەزراوە بێ بناغە و دۆزراوە ڕێکەوتییەکان ڕادەوەستێت))[٤٥] . ((هۆسرڵ بەناوبانگترین ئاخاوتەی فەلسەفەی سەدەی بیستەم (بەرەو خودی شتەکان، یان بەرەو شتەکان بەو چەشنەی کە هەن)ی گوتووە، بەدەر لە هەر دیاریکاری و هەر خاڵێکی پێوەزیادکراو))[٤٦] . ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی، کە لە سەدەی بیستەمدا، توانی گۆڕانکارییەکی مەزن لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بەدی بهێنێ و بە پێچەوانەی سەردەمانی ڕەخنەی نەریتی، دەق بخاتە ناوەندی سەرنج و لێکدانەوەوە.

ئەگەرچی دیاردەناسی لەدوای پەیدابوونییەوە، ئاڕاستەیەکی ئەوتۆی لە دنیای ناسینی شتەکاندا هێنایە کایەوە، کە زیاد لەوەی باوەڕی بە تێگەیشتن و گەیشتنی ڕەها بە شتەکان هەبێ، باوەڕی بە ڕێژەیی بوونی مانا و واتاکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرنجدان لەو وردبینی و ڕامانەی کە بانگەشەی بۆ دەکرد و بۆ ئەو بنەمایەی کە بانگەشەی گەڕانەوەی بۆ خودی شتەکان دەکرد، زیاتر ئەوە دەخاتە زەینەوە، کە ئەگەری گەیشتن بە ڕاستییەکانی زۆرترە. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بۆ ناسینی هەر شت و دیاردەیەك، بەر لەوەی کە لەملا و

---

[٤٤] بڕوانە: دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، د. یادگار لەتیف شارەزووری، ل١٩-٢٠

[٤٥] بوون و کات، مارتن هایدگەر، و. د. محەمەد کەمال، ل ٧١-٧٢

[٤٦] پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەك ئەحمەدی، و. مەسعود بابایی، کتێبی چوارەم، چ١ ، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، چا. تیشك، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥٤


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەولاوە بە مانای دروستکراوی ئەوانی تر بۆی بچین، پێویستە سەرنجی خودی شتەکە بدەین و لێی تێبگەین. ئەم ڕاستییە کە سەبارەت بە شتەکەیە و دەشێت ڕاستییەکی بەهێزیش بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەمووی نییە. بەلای میتۆدی دیاردەناسییەوە ((ڕاستی ڕێژەییە و بوونی نییە، تەنیا ئەوکاتە نەبێت، کە مرۆڤ ڕووبەڕووی شتەکان دەبێتەوە و پەیوەندییان لەگەڵ دروست دەکات))[47] . بەلای ئەوانەوە ڕێگەی گەیشتن بە ڕاستی دیاردەکان، گەڕانەوەی ڕاستەوخۆیە بۆ دیاردەکان، ئەمەش بە پەراوێزخستن و هەڵپەساردنی هەموو زانیاری و بیروڕای پێشوەختە، بۆ شیکردنەوەی گشت ئەو بابەتانەی دەردەکەون و هۆشی مرۆڤ ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە دەرخستنی ڕاستییەکانیاندا. دکتۆر محەمەد کەمال لە نمونەیەکدا دەڵێ: ((هەر کاتێ دەچم پێشانگایەکی هونەری ببینم، نامەوێت کەس پێمبڵێت ئەو پێشانگا هونەرییە لەبارەی چییەوەیە، حەزناکەم ئەو کەتەلۆگە بگرم بە دەستمەوە کە هونەرمەندەکە لە چاپیداوە و ناوی تابلۆکانی تێدا نووسیوە و نەختێك باسی تابلۆکانیشی تێدا دەکات. نامەوێ ئەم کەتەلۆگە بخوێنمەوە، هەموو پێش بڕیارێك دەخەمە ئەولاوە، ئەچم لەبەردەم تابلۆکە ڕاستەوخۆ ڕائەوەستم، حەزئەکەم ئەو تابلۆیە خۆیم پێبناسێنێ و بزانم چیم بۆ دەردەخات، چ ڕاستییەکم پیشان دەدات، ئەمەوێ تابلۆکە خۆی قسەم لەگەڵدا بکات، شتەکانم بۆ باسبکات، ڕاستەوخۆ لەگەڵ تابلۆکەدا پەیوەندیم هەبێت لەگەڵ بابەتەکەدا، لەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەدا لەگەڵ بابەتەکەدا ئەو شتانەم بۆ دێتە ناوەوە، بۆ ناو مێشکم. لەوێدا مێشکم چیدەکات یان بیرکردنەوەم چیدەکات، بێگومان مێشکم ئەو شتانە کۆدەکاتەوە و بیرێکم لەسەر ئەم تابلۆیە بۆ دروست دەکەن. ئەمە پێیدەوترێت میتۆدی دیاردەناسی))[48] . ئەمە ئەگەرچی ڕەنگە ڕێگایەکی باش بێت بۆ ناسینی ڕاستیی شتەکان، بەڵام لەگەڵ هەموو لایەنە باشەکانیدا، ناتوانێ مانای کۆتایی و هەڵکەوتی ڕاستەقینەی بابەتەکەمان بە ڕەهایی بۆ دەربخات.

مارتن هایدگەر، ڕابەری دووەمی دیاردەناسی لە بنەمای (ڕوکردنە خودی شتەکان)دا هاوڕای هۆسرڵی مامۆستاکەیەتی. ناوبراویش باوەڕی وایە، کە دەبێ لێگەڕێین شتەکان بەو جۆرەی کە هەن خۆیان دەربخەن، نەك ئەو زانیاری و تێبینییانە بکەینە پێوەر بۆ ناسینیان، کە لەسەریان گوتراون و نووسراون. بە واتایەکی تر، ئێمە دەرك بە شتەکان ناکەین بەڵکو ئەوە شتەکانن خۆیان بۆ ئێمە دەردەخەن. یان وادەکەن دەرکیان پێبکەین[49] . بە ڕێگەدان بە خۆدەرخستنیان و چۆنیەتی بینین و ناسینیان لەلایەن (من)ەوە و داماڵینیان لە زانیاری پێشوەخت، دەتوانین لە ناسینی خودی شتەکە وەك چۆن هەیە نزیکتر ببینەوە.

دیاردەناسی هەوڵی ئەوە دەدا ئەوەی کە هەیە، بە پێکهاتە جەوهەرییەکەی خۆیەوە دەستگیری بکات. بۆیە مامەڵەکردنی دیاردەناسی مامەڵەکردنێکی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ ڕەسەنایەتی تەواوی شتەکاندا[50] . بە ڕووکردنە خودی شتەکان و خۆ بەدوورگرتن لە زانیاری و بۆچوونی پێشوەختەی ئەوانی تر، خودی بیرکەرەوە ڕۆڵی کارای

---

[47] فن القص في النظرية والتطبيق، د. نبيلة ابراهيم، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٥، ص ٥٤

[48] ئینسان. بوون. ئەنتۆلۆجیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محەمەد کەمال، سازدانی: تریفە عەلی، گ. سەردەمی ڕەخنە، ژ. ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٠٣

[49] بڕوانە: هێرمێنۆیتیك و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین، دارا مەحمود، گ. ڕەهەند، ژ. ١٤-١٥، ل١٩٨

[50] بڕوانە: ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، ل٢٣٧


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

دەبێت لە ناسین و بڕیاردان لەسەر ڕاستییەکان، ئەو ناسینەش دەبێتە ناسینی (من) بۆ خودی شتەکە، نەك ناسینی ئەوانی تر بۆ هەمان شت.

**دیاردەناسی مرۆڤ لە شیعرەکانی نالیدا**

ئێستا ئەوەی ئێمە هەمانە، دەرکەوتەیەکە. ئەو دەرکەوتەیە شیعرەکانی نالین. لە ناو شیعرەکانی نالیدا، مرۆڤ بە شێوازی جۆراوجۆر دەرکەوتووە. یەکێك لەو دەرکەوتانە، دەرکەوتنی(حەبیبە) یار و دڵدارە. ئەو دەرکەوتەیە لە بۆتەی ئەو وەسف و ڕازاندنەوانەدا کە نالی پێشانمان دەدات، بە سەرنجدان لە بنەماکانی دیاردەناسی مەبەستدارێتی، هەڵپەساردن و گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان، لە چوارچێوەی ئەم بوونانەدا دەردەکەوێت.

**مرۆڤ وەك یار و دڵدار**

یەکێك لەو دەرکەوتانەی مرۆڤ، کە لە شیعری نالیدا ڕەنگیداوەتەوە و بەرچاو دەکەوێ، لە بۆتەی کەسایەتی و ناوێکی دیاریکراودا، خۆی دەردەخات. ئەو ناو و کەسایەتییە ئەگەرچی لە پشتەوەی بابەتێکی دیاریکراوەوە خۆی حەشارداوە، ئەویش یار (خۆشەویست)ە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە سەرنجدانی وەك دەرکەوتەیەکی دیاریکراو، بە چەندین شێوەی جیاواز خۆی دەنوێنێ. ئەو ئاماژە و وەسفانەی کە لەلایەن شاعیرەوە بەکارهێنراون و دواجار کەسایەتی (مەحبووب) یان لێ دروستبووە، لە بەرامبەر ئاگایی و هۆشیاری ئێمە لەناو چەند ناسنامەیەکی جیاوازدا خۆی دەردەخات، کە لێرەدا هەوڵدەدەین سەرنج بخەینە سەر هەر یەکە لەوانە.

دڵداری و وەسفی (حەبیبە) بەشێکی دیوانی نالی داگیرکردووە. تەنانەت چەند دێڕێکی لە دەرەوەی شیعرە دڵداری و سۆزدارییەکانیشی، بۆ وەسف و ئارایشتی حەبیبە تەرخانکردووە. نالی یەکێکە لەو شاعیرانەی بە جدییەوە گیرۆدە و یەخسیری داوی خۆشەویستی بووە، کە ئەویش (حەبیبە)یە. ڕەنگدانەوەی سۆز و خۆشەویستییەکی ناسك لەنێو شیعرەکانیدا، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە. نالی ناوی خۆشەویستەکەی(شەش) جار بە (حەبیبە) و (دوو) جاریش بە (مەحبووبە)[٥١] بردووە. لێرەدا حەبیبە چۆن و بە چەند شێوازێکی جۆربەجۆر لە شیعرەکاندا دەرکەوتبێت دەیخەینە ڕوو، لەبەرئەوەی لە ناوهێنانەکانیدا بە مەبەستی جیاواز و خستنەبەرباسی کێشە و ڕازی جیاوازەوە، هاتووە.

**١- حەبیبەی حۆری**

نالی زۆرکات لە وەسفی حەبیبەدا بەرز ڕۆیشتووە، بە ڕادەیەك حەبیبەی بەرزتر لە مرۆڤی ئاسایی و لە هەر ئافرەتێکی نێو سروشت بینیوە، چونکە نالی ویستویەتی حەبیبە جیاواز و مرۆڤێك لە سەرووی مرۆڤ نیشان بدات. بۆیە لە وەسفی حەبیبەدا، وێنەیەکی جوانتر و باڵاتر لە هەر ئافرەتێکی تر هەست پێدەکرێت.

جەنانی وەك جینان کردم بە ماوا

(حەبیبە)ی ماڵیاوا ماڵی ئاوا!

[٥١] لێرەدا (مەحبووبە)ش بە هەمان ئافرەت، کە بە (حەبیبە) ناوی هاتووە، حیساب دەکەین. چونکە شاعیر لە وەسف و ناوهێنانیدا هەم حەبیبە و هەم مەحبووبەی بەکارهێناوە. ئەگەر ناوی ڕاستەقینەی خۆشەویستی نالی هەم وەك خۆی و هەم خواستراوبێ، لە وەسفکردنی دیاردەناسییانەدا گرنگ نییە. ئەوە بۆ تیۆری دیاردەناسی گرنگە، حەبیبە وەك خۆشەویستی نالی، وەك چ مرۆڤێك


p-ISSN (2410-1036) e-ISSN (2522-7130)

**حەڵاڵی بێ نیکاحی حووری عینم**

**بە جووتێ نازیری شەرع و فەتاوا (ل ١١٨-١١٩)**

نالی لەم غەزەلەیدا وەسفێکی خەیاڵی و ماڵێکی یۆتۆپی بۆ حەبیبە دروستکردووە. دڵی خۆی وەك بەهەشت و حەبیبەشی بە جێنشینی بەهەشت داناوە، چونکە نالی لە وەسفکردنەکەدا هێندە لە دنیای مادە دووربووەتەوە، هەستی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ حەبیبەدا لە دنیای واقیعدا نەماوە بەڵکو دەیەوێ بەیەکگەیشتنی بینین، نەك بەیەکگەیشتنی جەستەیی لە نێوانیاندا دروست بێت. کەواتە ئەو ڕێ و شوێنەی نالی بۆ پێکگەیشتنیان دەیگرێتەبەر، ڕێ و شوێنێك نییە بیانگەیەنێتە پێکگەیشتنێکی جەستەیی، بەڵکو دەیانگەیەنێتە پێکگەیشتنێکی هەستی، لەوێشدا هەستی بینینە نەك بەرکەوتن.

جەخت لەسەر کاڵنەبوونەوەی ئەزەلی خۆشەویستییەکی قوڵ بۆ حەبیبە دەکاتەوە. هەروەها ڕێ و شوێنی بەیەکگەیشتنی لەگەڵیدا ڕەنگرێژکردووە. نالی بە بارتەقای ئەو وێنەیەی بۆ حەبیبەی دروستکردووە، دەیەوێت ماڵ و شوێنێکی بۆ بڕازێنێتەوە، ئەو ماڵ و شوێنەش، لە خەیاڵی خۆیەوە دروستکراوە و ڕازێندراوەتەوە. ئەویش چاوەکانی خۆیەتی.

**زەفافەتگاهی پەردەی ئاڵی چاوم،**

**موبارەك حەجلە بێ بۆ بووك و زاوا (ل ١١٩)**

چاوەکانیشی، کە بەهۆی گریانی بەردەوامەوە سوورایییەك (ئاڵ) بەسەریدا هاتووە، دەیانکاتە پەردەیەکی سوور بۆ گرتنەوەی شوێنی شەوی یەکەمی بووك و زاوایەتییان. کەواتە شاعیر دەیەوێت (بووك و زاوا) کە حەبیبە و خۆیەتی، لە بینین نەك بەیەکگەیشتنی جەستەییدا کۆبکاتەوە و پێکبگەن، ئەم گواستنەوەی پێکگەیشتن (ویساڵ)ە، لە بەیەکگەیشتنی جەستەییەوە بۆ بینین، دەرخەری بە بەرز ڕوانینی نالی بۆ حەبیبە ڕوون و ئاشکرا دەکات و نالی حەبیبە زۆر بەرزتر و نائاسایی پیشان دەدات، وەك لەوەی هەر مرۆڤێك لە واقیعدا ئەم جۆرە پێگەیەی بۆ دەستەبەر نەبووە. تا لە دوا دێڕی غەزەلەکە دەڵێ:

**ویسالی بێ کەم و کەیفی حوزووری**

**لە (نالی) گەر دەپرسی، یەعنی ئاوا (ل ١٢٠)**

نالی پێکگەیشتنی چاوەکانی، مەبەست بینینە لەگەڵ حەبیبەدا بە پێکگەیشتنێکی بێ چەندێتی و چۆنیەتی (بێ کەم و کەیفی) دادەنێت. واتا نالی ئەم جۆرە پێکگەیشتنە بە کامڵ و سەرکەوتوو دادەنێت. کاتێك حەبیبە بە حۆری دادەنێت، بۆیە بانگهێشتی دەکات بۆ نێو بەهەشتی چاوەکانی (زەفافەتگاهی پەردەی ئاڵی چاوم). کەواتە پێکگەیشتنی لەگەڵ حەبیبە لە بینیندا وەك ڕوونە زۆر باشترە لە پێکگەیشتنی لە جەستەدا. چونکە نالی تێدەگات بە خستنە نێو دڵی خۆیەوە و وەك هەر نمونەیەکی پێکگەیشتنی جەستەیی هەر کەسێك، یار لە تلانەوە و خەم و ئازار بێبەش نابێت. ئەو چێژەی لە بەهەشتی چاودا دەیبینێ زۆر حەساوە و باشتر و بەرزترە لەو دڵدارییە خەیاڵییەی نێو دڵی یەکترییەوە، کە چەندە خۆشی تێدایە سەد هێندە خەم و دڵتەنگی تێدایە. هۆی ئەم بە گرنگ ڕوانینە، لەسەر بنەمای چۆن ڕوانینی نالییە، کە لە دید خۆیەوە شایانی شتی جوان و بەنرخە و لە پلەیەکی باڵای وەسف و بایەخپێدان لێیدەڕوانێ.


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

**٢ـ حەبیبەی دابڕاو لە جوانی باو (حەبیبە وەك جوانێکی ناباو)**

حەبیبە لە دیدی نالییەوە لە ڕوخساردا ئافرەتێکی جوان و بێ کەم و کووڕی بووە. نالیش وەك هەر عاشقێکی تر بە چاوی دڵ لە مەعشووقی ڕوانیوە. ئەگەرچی یاری نالی چاوەکانی (خێل و قیچ)ن، و توانجدانی خەڵکی، گوایە حەبیبە خێل و قیچە و وەڵامدانەوەی نالی، کە دوو دەرکەوتەن، دەرخەری ئەو ڕاستییە فیسیۆلۆجییەی چاوی حەبیبەن.

خێلی و قیچی لە چاوی هەر ڕەگەزێکدا هەبێت کەم و کووڕییەکی فسیۆلۆجییە لە جەستەیدا، بەمەش بڕێکی زۆر لە کامڵی و جوانیی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، بەتایبەتی بۆ ڕەگەزی مێ، کە پێوەرێکی زۆری جوانی ئافرەت لە ڕێگەی چاوەکانییەوەیەتی. واتا چاو ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە دەرخستنی ڕادەی جوانیی ئافرەت، تەنانەت زۆرجار چاو دەبێتە ناسنامەی جوانی بۆ ڕەگەزی مێ. ئەمە بۆ ڕەگەزی نێریش هەر ڕاستە، بەڵام ئافرەت زیاتر بەرامبەر بە جوانیی خۆی هەستیارترە. لە نێو دنیای ئەدەبیشدا، بە تایبەتی ئەدەبی کۆن، چاو پانتاییەکی بەرفراوانی بۆ وەسفکردن داگیر کردووە، بە خێل و قیچ بوونی حەبیبە، نالی بەشێکی زۆری لە ڕادەی جوانی یارەکەی لە دەست دەدات. بۆیە نالی پەنا دەباتە بەر دۆزینەوە و کردنەوەی دەرچەیەکی نوێ بۆ هاوسەنگکردنەوە و تەنانەت بەرزکردنەوەی جوانیی حەبیبە، ئەوەی جێی سەرنجە، نالی نەهاتووە ئەندامێکی تری حەبیبە وەك جێگرەوە (ئەڵتەرناتیف) بۆ خێل و قیچییەکەی حەبیبە بخاتە بەرباس، بەڵکو هەر خێل و قیچییەکە دەکاتە بابەتی وەسفکردنێکی ئەرێیانە و بەرزتر پیشاندانیش لە چاوی ئاسایی.

پێم دەڵێن: مەحبووبە خێل و قیچە، مەیلی شەڕ دەکا

خێل و قیچە، یا ترازووی نازی نەختی سەر دەکا؟!

خێل و قیچە، یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو

مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەی کەر دەکا؟! (ل ١٠٥)

نالی ڕاستەوخۆ ئەو تانەیە باسدەکات کە خەڵکی پێیدەڵێن (پێم دەڵێن، مەحبووبە خێل و قیچە)، بۆیە مەبەستییەتی وەڵامداتەوە. واتا نالی لە حاڵەتی خۆ ئامادەکردن و ئامادەکردنی وەڵامدایە بۆ خەڵکی، واتا دەیەوێ تێیانگەیەنێ خێل و قیچ نییە، بەڵکو ئەوە تەرازووی نازییەتی (کەمێك) سەر دەکات. لە ڕۆنانی ژێرەوەی نیوە دێڕی دووەمی دێڕی یەکەمدا، بە پرسیارەوە دەڵێ: (ئایا خێل و قیچە؟ یاخود ئەوە تەرازووی نازە کەمێك سەر دەکا؟)، لە پرسیارەکەوە وەڵامیش ئامادەیە، (نەخێر خێل و قیچ نییە، بەڵکو ئەوە تەرازووی نازیەتی، کە کەمێك سەر دەکات). بەمەش ڕەوینەوەیەکی باش لەسەر خێل و قیچ بوونی چاوی حەبیبە دەکات. کە دێتە سەر دێڕی دووەمیش، نالی زۆر ورد خێل و قیچییەکەی حەبیبە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی نیشانە گرتنەوە. دووبارە بە پرسیارەوە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بەم شێوەیە دەڵێ: (خێل و قیچە؟ یاخود بە غەمزەی چاوی باش تیری برژانگی ڕاست بکات تا دڵی دڵدار بپیکێت؟). بێگومان کەسی نیشانەگرەوە، لەکاتی خۆ ئامادەکردندا بە چاوێك نیشانە دەگرێتەوە و چاوەکەی تریشی کەمێك قیچ دەکاتەوە تا ڕادەی بینینی کەم ببێتەوە بۆئەوەی کاریگەری بە سەر چاوە نیشانەگرەکەوە نەمێنێت. واتا ئەگەر کەسێك تیر بە کەوانێك بهاوێت، ئەگەر تیرەکەی لە دەستی ڕاست و کەوانەکەی لە دەستی چەپی دابێ، ئەوا بە چاوی ڕاست نیشانەکە دەگرێت و چاوی چەپی قیچ دەکات، ئەگەر سەرنج بدرێتە چاوی ڕاستی (ئەوەی نیشانەکەی پێ دەگرێتەوە)، بەلای چاوی چەپدا سوڕاوە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

و خێل دەردەکەوێت. بۆیە گومان لەوەدا نییە نالی زۆر لێزانانە حاڵەتە خێلییەکەی حەبیبە دەگۆڕێت بۆ سەرکردنی تەرازووی ناز و نیشانە گرتنەوە.

وەك ڕوونە نالی بە بەرگرییە وەڵامەکەی دەیەوێت وێنەیەکی جوان و پڕ سیحر و ئیستاتیکی بەو ناباوی (خێل و قیچی)یەی حەبیبە ببەخشێت. واتا دیمەنێکی جوان و ڕازاوە پڕ بە باڵای ئەو دیاردە ناشیرینییەی حەبیبە دەدروێت و بەمەش جوانی بەم حاڵەتە دەبەخشێت. لێرەوە ئەوە ڕوون و دیارە، ڕوانینی نالی بۆ ئەم حاڵەتەی چاوی یاری، ڕوانینێکی تایبەتە. بەو مانایەی ئەوە نالییە چۆن جوانی لە حاڵەتی خێلییەکەی حەبیبەدا دەبینێتەوە. ئەو، جوانیی حەبیبە دادەبڕێ لە جوانیی باو، جوانیی ناباو بە باڵای حەبیبە دەدورێت. بەو مانایەی هەرچی (خێلی و قیچی) حەبیبەیە، وەك جۆرێك لە مەکر و ئەفسوون و سیحری پڕ لە جوانی دەبینێت. تا بەو باوەڕە دەگات ئەوە خێل و قیچیی حەبیبەیە کە وەکو گوڵی (وەنەوشە و نیلۆفەر) وانە. ئەویان بە شەو گەش و کراوەیە و ئەمیشیان بە ڕۆژ گوڵ دەردەکات. گواستنەوەی خێل و قیچی چاوی حەبیبە بۆ گوڵی وەنەوشە و نیلۆفەر، بەها پێدان و ڕەوایەتدانی نالییە بۆ ئەم جۆرەی جوانی و شێوازەی ئافرەت. واتا ئەوە نالییە جوانی ناباوی گشتی، کە بەلای زۆربەی هەرە زۆری خەڵکییەوە دابڕاوە لە جوانی و سیحر، بە جوان و لێوانلێو لە سیحر و ناز ببینێت.

چاوی هەم ڕەنگی گوڵی، مەستی شەو و ڕۆشن مەدام

یەك لە نەشگوفتەی بەنەفشە، یەك لە نەیلۆفەر دەکا (ل ١٠٦)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، حەبیبە مرۆڤێکە، سەرەڕای هەموو ئەو پێوانە باوانەی کە بۆ جوانی لە ناو کۆمەڵگادا هەبوون، بەڵام بە شێوازێکی ناباوتر، بەڵام جوانتر دەردەکەوێت. حەبیبە لێرەدا مرۆڤێکە، تەنیا خۆی دەتوانێ بە هەڵگرتنی ئەو خەسڵەتە نەرێیە، جوانی لە خۆیدا بەرجەستە بکات و مایەی پێداهەڵگوتن بێت.

**٣ـ حەبیبەی ئازاردەر**

نالی حەبیبە وەك چەق دادەنێت بۆ خولگەی هەستە سۆزدارییەکانی خۆی. بۆیە نالی سوورە لەسەر بەردەوامیدان بە خۆشویستنی حەبیبە و بەو باوەڕەش گەیشتووە لەگەڵ حەبیبە بوون، واتا خاوبوونەوەی هەستە دەروونییەکان هاوڕێ لەگەڵ خۆشنودییەکان. ئەمەش نالی کۆڵنەدەرتر دەکات لەسەر خۆنزیککردنەوە و بچووککردنەوەی خولگەکانی نزیکبوونەوە لە حەبیبە. ئەگەرچی حەبیبە ڕۆڵی ئەو  بە چەقبوونەی، کە لە دیدی نالییەوە دروست بووە، نابینێت.

نالی بەو هەستە کۆڵنەدەرەی، کە هۆکاری زیادکردنی ئازاری زۆرتری ڕۆحییەتی کە لە حەبیبەوە بۆی دێت، بڕێك لە سەبووری وەردەگرێت. بە ڕادەیەك هەست بە ئازارەکەشی دەکات. کەچی سووربوون لەسەر درێژەدان، بەو باوەڕەشی دەگەیەنێت، کە هەرچەند ئەو خەندە و پێکەنینەی حەبیبە وەك خوێ برینەکانیشی دەکولێنێتەوە، بەڵام لە چێژ و خۆشیش بەدەر نیین. کەواتە کاتێك نالی دێتە سەر باسکردن و ئاشکراکردنی ئەو ئازارانەی، کە لە دڵ تێچوونی حەبیبەوە بۆی دروست بوون، بە ئازارەکان ماندوو و بێزار نابێ. بگرە چێژیش لەو ئازارانە وەردەگرێ، کەوا لە ئەنجامی دڵداریی حەبیبەوە بۆی دێت. وەك دەڵێ:

خەندە و دەمی (مەحبووبە) کەوا زۆر نمەکینن

بەس خۆشە ئەگەر خۆ نمەکی زەخم و برینن (ل٣٤٦)


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

ئەو ئازارەی، کە نالی لە پێناو خۆشویستنی حەبیبەوە دەیچێژێ، وەکو دڵداری هەر کەسێکی تر لە ئەنجامی هاوئاهەنگ نەبوونی بڕیارەکانی دووانەی دژ بەیەکی (دڵ و عەقڵ)ەوە سەرچاوە دەگرێ، چونکە لەو ئان و ساتەدا، بەربەرەکانی و دژایەتی لە نێوان عەقڵ و دڵ دروست دەبێت و پاشانیش لەم بەربەرەکانییەدا گۆڕان لە ڕادەی خۆشویستنی یاری، لە دیدی نالییەوە لێدەکەوێتەوە. کەواتە چیتر حەبیبە لە دیدی نالییەوە وێنەیەکی باڵا و سەرووی مرۆڤی نامێنێت، بەڵکو وەك زۆربەی هەرە زۆری مەحبووبەکان، ئازار و ئاشووبیشی بۆ عاشقەکەی پێیە، بۆیە شاعیر دێتە سەر وێنەکێشان و ئاشکراکردنی ئەو بارە نەرێیەی حەبیبە.

نالی چیتر نایەوێ خۆ لە ڕاستییەکان لابدات و ڕاست و ڕەوان دان بە ڕاستییەکاندا دەنێت. چیتر نایەوێ ئەو ئازارەی لە حەبیبەوە بۆی دێت بپڕازێنێتەوە و قبوڵی بکات، واتا گەیشتووەتە ڕادەی بێزاربوون و تەقینەوە بەسەر حەبیبەدا، وەك دەڵێ:

ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەر و پەیوەندی نییە

نەی شەکەر قەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە (ل ٥٩٧)

شاعیر حەبیبە وەك قامیشی شەکر دەبینێ، هەرچی گرێ و گۆڵ و ڕەقییەکەیەتی بۆ نالییە، کەچی لە ڕاستیدا دەبووایە شیرنییەکەی، نەك گرێ و قەف و ڕەقییەکەی بۆ نالی بێت. شاعیر لە شیرینییەکە بێبەشە و ئەوەی بە نالی دەبڕێ گرێ و قەفەکانییەتی. واتا چێژە تاڵ و ناخۆشییەکەی لە جیاتی شیرینییەکەی بۆ نالییە.

ئەم تەرزە وەسفەی شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی لەخۆوە نییە، بەڵکو ڕاستییەکی تاڵ و حەتمی، نالی ناچاری ئەم وەسفەی حەبیبەی کردووە. لە ڕێگەی ئەم وەسفەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی، حەبیبە بە درێژایی ماوەی خۆشەویستییان، یارێکی بۆ هەمیشەیی بە لوتف و شیرین زمان بۆ نالی نەبووە. ئێمە ئەم وەسفە بە باڵای پەیوەندی خۆشەویستییان نابڕین، بەڵکو ئەوە شیعری نالییە وەك دەرکەوتەیەك، دەمانگەیەنێ بەو ڕاستییە. حەبیبە لێرەدا مرۆڤێکە، ئەگەرچی خۆشەویستە، بەڵام ئازاردەرە. خاڵێك لە خۆشەویستیدا هەیە، کە هەمیشە ئازاری هەیە. ئەوە ڕاستە، بەڵام کەی؟ ئەوکات کە سۆز و ئیلتفاتی بۆ ئەو کەسە هەبێ کە خۆشی دەوێ. لێرەدا حەبیبە، زیاد لەوەی خۆشەویستێکی بە ئیلتفات بێ بۆ ئەو کەسەی کە خۆشیدەوێ، خۆشەویستێکی بێ ئیلتفات و ئازاردەرە.

**٤ـ حەبیبەی تێرکەری غەریزەی سێکسی**

نالی لە ناوهێنانی حەبیبە لە شیعرەکانیدا، کەمتر بە چاوێکی هەوەسبازانەوە لە جەستەی ڕوانیوە. بەڵکو لە زۆربەی ناوهێنانەکانیدا، وەك دڵدار و خستنە بەرباسی ئەو کێشە و گیر و گرفتانە باسکراون، کە لە ڕێگەی خۆشەویستییەکەیاندا هاتووەتە پێش. بەڵام لە غەزەلی (دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبیبە)دا، شاعیر حەبیبە وەك ئافرەتێك لە چوارچێوەی چێژی سێکسیدا دەیبینێت. بە (نەو شگوفتە وەرد، دڵ فریب، نەو تیفلە خورد سال، غەزال) ناوی دەبات. بەجۆرێك دەیبینێ بە چێژلێوەرگرتنی لە حەبیبە، جەستەی تەندروست و نوێبوونەوەی بەسەردا دێت، وەك دەڵێ:

تۆ نەو شگوفتە وەردی، من مایلم بە زەردی

تۆ هەمدەمت نەسیمە، من هەمدەمم لەهیبە (ل ٤٠٦)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وەك ئاسك لە ناسكی و جوانیدا دەیبینێت، کە حەبیبە کچێکی منداڵی تازە پێگەیشتووە. کۆکردنەوەی ئەم دوو وەسفە (ئاسکێکی ناسك و جوان، لەگەڵ کچێکی منداڵی تازە پێگەیشتوو) کۆکردنەوەی حەبیبەیە لە بۆتەیەکدا، کە مەیلی هەوەسبازانەی نالی بۆ حەبیبە ئاشکرادەکات.

ئەو تیفلە خورد سالە، هەرچەند وەك غەزالە

ئەمما کە هاتە نەخچیر، شێر سەولەتی مەهیبە (ل ٤٠٧)

کە دێتە سەر وەسفی لێوی یارە منداڵە تازە پێگەیشتووەکەی، ڕووی قسەی دەکاتە خۆی، کە لێوی یار، تازە پشکوتو و ناسك (نەو شگوفتە وەرد) دەردەکەوێت، تازە پشکوتنەکەشی نیشانەی بۆننەکراویی بۆ نالی بدات، کە بۆنێکی خۆش و نوێ دەدات. بۆیە لە بۆنکردنی دەم و لێوی یار دوا مەکەوە. هەمیش ماچکردن و تامکردنی لێوی یار وەك دەرمان وایە بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکسییانەی نالی.

(نالی) لەبی (حەبیبە) هەم تیب و هەم تەبیبە

خولاسەیی لەبیبە، فەرمانبەری لەبی بە (ل ٤٠٨)

نالی لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو شیعرانەی تێیدا باسی لێو دەکەن، وەسفی ئیرۆتیکین، چونکە لێو ئەندامێکی هەستیار و تایبەتە، بۆیە نالی کەمتر بۆ ئاماژەی تر، جگە لە هێمای ماچ و مژین وەسفی کردبێت. ئەم وەسفکردنەشی، کە بۆ حەبیبەیە، جۆرێك لە هاندان و بەردەوامبوون لە خۆنزیککردنەوەی حەبیبە لەلای نالییەوە دەردەخات، ئەمەش بۆ مەبەست و مەرامی ئیرۆتیکییانەی خۆیەتی، کە چێژبینینە لێی. بۆیە نالی دەیەوێ فەرمانبەرێکی گوێڕایەڵی حەبیبە بێت و هەرچی وتی لە قسەی دەرنەچێت، تا لە چێژی ماچکردن و مژینی لێوی بێبەش نەبێت. ئەم تەرزە وەسفانەی بۆ حەبیبەی کردوون، حەبیبەی وەك ڕەگەزی بەرامبەر لە بۆتەیەکی سێکسییانەدا قەتیس کردووە.

**حەبیبەی دژە باوك**

پرسیار لێرەدایە، ئایا خۆشەویستی سەرچاوەی نەرمی و سۆزو بەزەییە؟ ئەمانە زۆرجار وەکو خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکانی مرۆڤێکی عاشق دێنینە ئەژمار. لە باسی خۆشەویستی حەبیبە، حەبیبە هەندێکجار وەکو مرۆڤێك ئەوەندەی سەرچاوەی رقە، ئەوەندەی سەرچاوەی خۆشەویستی نییە. لە شیعرەکانی نالیدا،لە قەسیدەیەکدا ئەوە بەدیدەکرێ، کە لاواندنەوەی باوکی یارێك دەکرێت. لەزۆر وەسفیشدا، لەگەڵ باسی (باوکی حەبیبە)دا، دەگونجێ، کە لاواندنەوەی باوکی حەبیبە بێت، چونکە نالی لە شیعرەکانیدا، تەنیا حەبیبەی وەکو مەحبووب و خۆشەویست ناوبردووە. لە قەسیدەکەدا ئەوە ڕوون و ئاشکرایە، نالی مردنی باوکی یارەکەی بە دەرچەی نزیکبوونەوەی بە یارەکەی دادەنێ. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، باوکی یار ڕێگر و کۆسپی بەردەم پێکگەیشتنیان بووە. هەر لە دەستپێکەوە خەمی شاعیر دڵدانەوەی یارە، و یاریش زۆر بەرزتر پیشان دەدات لە بەرامبەر باوکیدا:

ماتەم، وەکو زولفەینی سییەهـ ، گرتی سەراپات

پۆشی لە روخت تەعبییەیی بەیدەق و شامات

تاقانە یەتیمی خەلەفی ئاخری نیسان!

تۆ خۆش بی، سەدەف بوو بە فیدات، دوور بی لە ئافات (ل ١٣٦)


e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

مەبەستی شاعیر ڕوونە. دەیەوێ یار لەوە بە ئاگا بهێنێتەوە ئەو ماتەمییەی بە ڕوخسار و باڵایەوە دیارە، بیشکێنێ. هۆی ماتەم شکاندنەکەشی بۆ ڕوون دەکاتەوە، کە ساڵانێکە لە بەیەکگەیشتنیان بێبەشی کردوون. بۆیە دەیەوێ وێنەی باوکی لە هۆکار و کۆسپی بەیەکگەیشتنیاندا کورت بکاتەوە، بۆ ماتەم شکاندنەکە. لە هەردوو ڕستەی (تۆ خۆش بی) و (دووربی لە ئافات)دا، خەمخواردنی نالی بۆ یار و بە ئاسایی وەرگرتنی مردنی باوکی ئاشکرا دەبێت. تا دێتە سەر باسکردنی ئەو ڕاستییانەی کە باوکی یار دلڕەقانە هۆکاری پێکنەگەیشتنیان بووە. ئەگەرچی هۆی ئەم ڕێگرییەی لەژێر هیچ هۆکارێکی (دینی، کولتوری، پیاوسالاری،... هتد)دا دیاری نەکردووە، بەڵام ئەمە دەرخەری ئەو دەسەڵاتە نەریتییەی باوکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کە هەمیشە وەك بەربەستێکی سەرەکی لە بەردەم بە ئاوات گەیشتنی گەنجەکاندا هەبوو، بە تایبەت لە بەکارهێنانی دەسەڵات لە نەهێشتنی بە ئاوات گەیشتنی کچان بە یارەکانیان. نالی لەم سۆنگەیەوە پێی حەیفە یار فرمێسکی مرواریيانە بۆ باوکی برێژێت. باوکێك کە ساڵانێك کچەکەی لە ڕەواترین ماف بێبەش بکات. بۆیە شاعیر پێی حەیفە مرواری بۆ سەدەف بە قوربانی بدرێت.

شاعیر لێرەوە ڕەهەندێکی فراوان بەڕووی ئەو ڕاستییەدا دەکاتەوە، کە یار قوربانیدەری دەستی باوکی بووە و ساڵانێك نەیهێشتووە جوانی و ناسکی بە نرخی خۆی دەرکەوێ و ڕێگرێکی ڕاستەقینەی زۆر لە ئازادی و مافەکانی کچەکەی (حەبیبە) بووە. بۆیە نالی وەك بینەرێکی دەرەوەی پرسەی باوکی حەبیبە، ئەو ڕاستییە باشتر لە حەبیبە دەبینێ. واتە حەبیبە لەبەر سۆزی بۆ باوکی و کۆچی یەکجارەکی باوکی، چاوپۆشی لە دەسەڵاتی پاتریارکی باوکی دەکات. یان وەك هەر تەعزێبارێك سۆزی مەرگی باوکی ئاگرێکی قوڵی لە ناخی حەبیبەدا داگیرساندووە.

لە دڵدانەوەی نالی بۆ خۆشەویستەکەی هەستی (خۆخستنە شوێن) نابیندرێت، بەڵکو پەرۆشی حەبیبە هەستی پێدەکرێت. هەروەك دەڵێ: لەبەر گریانی تۆ لەوەیە هێندە بگریم بە هەردووکمانەوە بە بەرزایی قەد و باڵاتەوە فرمێسکی گەوهەرین ببارێنین. کەواتە با ئەوە بزانین گریان دادی کەس نادات، چونکە ئەم دنیایە جارێ شایی و زەماوەند و جارێکیش شین و گریانە. وەك دەڵێ:

بۆ گریەیی تۆ ڕەنگە منیش هێندە بگرییم

گەوهەر برژێنین بە بوڵندیی قەد و باڵات

لاکین ئەم دونیایە، گەهێ سوورە، گەهێ شین

(لایسأل من عاش، و من مات، و من فات)؟! (ل ١٣٨)

تا دێتە سەر ئەو مەبەستەی کە دەیەوێ بە یاری بگەیەنێ. ئەویش ئەو ڕێگری و ڕەقییەی باوکی، کە نەیهێشتووە پێکبگەن. لەم بارەوە ڕووی دەمی دەکاتە حەبیبە و دەڵێ:

بەس گریە بکە بۆ پدەر و بابی حیجابت

بێ بابیی تۆ مووریسە بۆ وەسڵ و مولاقات!

بێ بابیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فوتووحە

بێ بابیی تۆ خواستەیی من بوو بە ئاوات

بێ بابیی موورادی من و تۆ بوو بە تەمەننا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بێ بابیی دوعایی من و تۆ بوو بە موناجات (ل ١٣٨-١٣٩)

وەك ڕوونە نالی خەریکی لاواندنەوەی باوکی حەبیبە نییە. بەڵکو خەریکی دڵدانەوە و بەگوێدا چرپاندنی ئەو ڕاستییانەیە، کە ببوونە ڕێگر لەبەردەم پێکگەیشتنیان. ڕاستەوخۆ بە حەبیبە دەڵێ: بەس بگری بۆ ئەو باوکەی کە دەرگای پێکگەیشتنمانی داخستبوو. بۆیە بە چوونی باوکت ئەو دەرگایە دەکرێتەوە و مردنی باوکت سەرەتای کرانەوەی ئەو دەرگایەیە، کە دەمێکە خواست و ئاواتی من بوو.

ئەوەی ڕوون و گرنگە لەم قەسیدەیە و پێویستی بە لەسەر ڕاوەستان هەیە. ئەوەیە نالی پێیوایە لە ڕێگەی دوورکەوتنەوە و لێکدابڕانی (حەبیبە و باوکی) خەونی پێکگەیشتنی نێوان (خۆی و حەبیبە) مەیسەر دەبێت. واتا نالی پێیوایە لە ڕێگەی هاوکێشەی دوالیزمی (وەسڵ و فیراق)ەوە، بە وەسڵی یار دەگات. بە فیراقی نێوان (حەبیبە و باوکی)، وەسڵی نێوان (نالی و حەبیبە) دروست دەبێت. ئەم ئەزموونە بۆ نالی لەخۆوە و هەڕەمەکی نییە، بەڵکو نالی کارتی یەکەمی تاقیکردۆتەوە، کە بریتی بووە لە وەسڵی باوك و کچ، کەچی باوك ڕێگریکەر و فیراقی نێوان (نالی و حەبیبە) بووە. بۆیە لە کارتی دووەمدا پێیوایە فیراقی (کچ و باوك) دەبێتە هۆی وەسڵی (کوڕ و کچ) کە نالی و حەبیبەن. هەروەکو چۆن لە دوا دێڕەکانی ئەم قەسیدەیە، ئەم دڵنیاییەی نالی ڕەنگیداوەتەوە، کە لە حەوت دێڕی کۆتاییدا، باسی ژیانێکی نوێ و پێکگەیشتن دەکات. ئەمەش بەهۆی مردنی باوکی حەبیبەوە، ئەم بۆچوونەی لە مێشکدا چرۆ کردووە.

نالی لە هیچ شوێنێکی ئەم قەسیدەیەدا، وەك تەعزێبار دەرناکەوێ و بە پێچەوانەوە خەمی پێکگەیشتن بە حەبیبەیەتی و پێیوایە مردنی باوکی یار سەرەتای کۆتایی هاتنی دەرگا داخراوەکانیەتی. لەو سەروەختەدا باوکی حەبیبە بە (پیری خەڵەفاو) ناو دەبات، کە چۆن نەیهێشتووە لە تەمەنی بەهاری گوڵدەرکردنی حەبیبەدا، پێی بگات. تا دێتە سەر پاتکردنەوە و لە بنگوێ خوێندنی ئەو پەیمانەی، کە حەبیبە بە نالی داوە. هەبوونی باوکی حەبیبە بە گرمەگرمی هەورەبروسکە یان بەرد هاویشتن داناوە و پێیوایە بە مردنی ئیتر بەهاری ژیان دەستپێدەکات و یاریش وەکو ملوانکەی لەگوڵی بەهار دروستکراو، دەکرێتە ملی خۆیەوە.

ئەو پیری خەرەف، ئافەتی مەردی و سەفا بوو

تۆ شۆخ و جوان، دوور بی لە ئافات و خەرافات

ئەو فەوت و وەفاتە سەبەبی عەهد و وەفاتە

چوو ساعیقەیی بەردی عەجووز و، گوڵ و مل هات (ل ١٤٠)

ئیتر لەدوای ئەم دوو دێڕە شاعیر بە حەوت دێڕ باسی هاتنی وەرزی بەهاری یار دەکات و بە جوانی وەك چۆن لە خەیاڵیدایە، ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەن و پێکدەگەن. کەچی لە هیچ شوێنێکی شیعرەکانیدا ئەو هەست و ئاواتەی نالی نابینرێ. ئەگەرچی باوکی حەبیبەش لە ژیاندا نەماوە. دیارە لەمپەڕی تر و هۆکاری تر بوونەتە ڕێگری پێکگەیشتنیان. ئەگەر هیچ بەڵگەیەك لەبەردەستدا نەبن بیسەلمێنێ پێکگەیشتبن ئەوا بە ناچاری شیعرەکانی دەکرێنە سەرچاوەی ئەو زانیارییە و لە شیعرەکانیشیدا هیچ تروسکاییەك بەدی ناکرێ لەگەڵ حەبیبە پێکگەیشتبن.

بە کورتی دەتوانین بڵێین، حەبیبە لەم تێگەیشتن و دەرکەوتنەوە مرۆڤێکی دژە باوکە، ڕەنگە ئەمە ئەوە بێنێتە مێشکەوە کە نالی دژی باوکی بووە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، سەرچاوەی ئەو دژایەتییە حەبیبەیە. ئەوە


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

حەبیبەیە بە خۆشەویستنی نالی، بەڵام بە ڕێگری باوكی، بووەتە سەرچاوەی ڕقی نالی. ئەمە جگە لەوەی كە حەبیبە وا دیارە خۆی لاری نییە لە گەیشتن بە نالی. خۆ ئەگەر هاتبا و حەبیبە نالی خۆش نەویستبا، ئەوا دژایەتی نالی و جۆری ئاخاوتنی نالی لە بەرامبەر باوكی و بە هۆكار دانانی نەهێشتنی پێكگەیشتنی لەگەڵ حەبیبە، نەدەهاتە پێش.

**ئەنجام**

لەم لێكۆڵینەوەیەدا، بە سەرنجدان لەو بنەمایانەی دیاردەناسی كە بریتی بوون لە مەبەستداریێتی، هەڵپەساردن و گەڕانەوە بۆ خودی شتەكان، "حەبیبە"مان لە چوارچێوەی دەركەوتنەكانی شیعرەكانی نالییەوە، بەمشێوەیە بۆ دەركەوت:

ئەگەرچی حەبیبە لە شیعرەكاندا وەكو یاری نالی دەردەكەوێت، بەڵام مرۆڤێكی یەكدەست و یەك پێناسە نییە. واتە حەبیبە هەندێكجار دەبێتە حۆری، هەندێكجار دەبێتە تیركەری غەریزەی سێكسی، هەندێكجار ئازاردەر و هەندێكجاریش دەبێتە مرۆڤێكی جوانی ناباو، ئەمە جگە لەوەی كە لە برگەیەكیشدا دەبێتە دژە باوك و سەرچاوەی رق و كین لە بەرامبەر باوك. كەواتە حەبیبە لە وینەیەكی یەكدەستدا نیشان نەدراوە و ناتوانین تەنیا لە چوارچێوەی خۆشەویستێكی ئاساییدا نیشانی بدەین. حەبیبە مرۆڤێكی ئاڵۆز و خۆشەویستێكی فرەڕەنگ و روخسارە بە تایبەتمەندی جیاوازەوە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی


١. ئەپستمۆلۆژیا و فەلسەفە، ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چا. شەهاب، چ٢، ٢٠١٢

٢. بوون و کات، مارتن هایدگەر، و. د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٣

٣. پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، بابەك ئەحمەدی، و. مەسعود بابایی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، کتێبی یەکەم، چا. ڕەنج، چ١، هەولێر، ٢٠٠٤

٤. دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، د. یادگار لەتیف شارەزووری، چا. هێڤی، چ١، هەولێر،٢٠١٥

٥. دیاردەناسیی شوێن و شوناس، ڕێبوار سیوەیلی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ. تاران، چ١، سلێمانی، ٢٠١٥

٦. ڕامانی هێگڵی، فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، رامین جیهانبگلو، و. ئیدریس شێخ شەرەفی، دەزگای وەرگێڕان، چا. منارە، هەولێر، ٢٠٠٧

٧. زانین و دەسەڵات، د. کەمال میراودەلی، چا. ڕەنج، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧

٨. فینۆمینۆلۆجی، د. محەمەد کەمال، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری کۆچ١٨، چا. بینایی، سلێمانی، ساڵ ؟

٩. فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا، د. حەمید عەزیز، خانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چا. ڕۆژهەڵات، چ١، هەولێر، ٢٠١٣

١٠. کۆمار، ئەفلاتوون، و. د. محەمەد کەمال، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩

١١. میتافیزیك لە ڕێڕەوی سەردەمدا، نەوزاد جەمال، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چا. موکریانی(هەولێر)، چ١، هەولێر، ٢٠١٤


### بە زمانی عەرەبی


١٢. التبئير الفلسفي في الرواية.. مقاربة ظاهراتية تجربة سليم بركات، د. شاهو سعيد، مطبعة دار سردم للطباعة والنشر، السليمانية، ٢٠٠٧

١٣. الفضاء الروائي عند سليم بركات، د. شاكر سابير، اتحاد الادباء الكردي، مطبعة. رؤذهةلَات، اربيل، ٢٠١٢

١٤. الفينومينولوجيا عند هوسرل، سامح رافع محمد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩١

١٥. فن القص في النظرية والتطبيق، د. نبيلة ابراهيم، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٥

١٦. مدخل الى الفلسفة الظاهراتية، د. أنطون خوري، دار التنوير، للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٨


### بە فارسی


١٧. پديدارشناسی چيست، اندره دارتيگ، ت. دكتر محمود نوالی، سازمان مگالعه د تدوين كتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، چاپ. هفتم، تهران ١٣٩٢




e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

**بە ئینگلیزی**

١٨. Edmond Husserl, Ideas I, a General Introduction to Pure Phenomenology, transtated by W. R. Boyce Gibson, London: Allen and Unwin, 1931, section 24

١٩. Edmond Husserl, Logical Investigation, vo 12, Inv 5, section 16

**گۆڤار و چاوپێکەوتن**

٢٠. ئینسان. بوون. ئەنتۆلۆجیا، چاوپێکەوتن لەگەڵ د. محەمەد کەمال، سازدانی: تریفه عەلی، گ. سەردەمی ڕەخنە، ژ. ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥

٢١. هێرمێنۆیتیك و پرۆسەی خوێندنەوە و نووسین، دارا مەحمود، گ. ڕەهەند، ژ. ١٤-١٥، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چ. ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٣

٢٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبوار سیوەیلی، شوێن. ئەکادیمیای کوردی- هەولێر ، ڕۆژی ٢٢/١٢/٢٠١٥

**ئینتەرنێت**

**فارسی:**

٢٣. پدیدارشناسی، فهیمه دهقانی ناژوانی،
http://www.pajoohe.com/fa/index.php?Page=definition&UID

٢٤. جنبش پدیدارشناسی، گفت و گو با شمس الملوك محگقوی علی بابایی
http://www.ettelaathekmatvamarefat.com/new/index.php?option

**ئینگلیزی**

٢٥. www.philosophybasics.com

**فەرهەنگ**

٢٦. ألمصطلحات الأدبية الحديثة- دراسة ومعجم انجليزي- عربي، الدكتور محمد عناني، الشركة المصرية العالمية للنشر، بيروت-لبنان، ١٩٩٦

٢٧. معجم المصطلحات الأدبية، بول ارون- دينيس سان- جاك- الان فيان، ت. الدكتور محمد حمود، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، ط١، بيروت، ٢٠١٢


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

abstract

This research, which is entitled (The Phenomenology of Human being in Nalis Poems), is an attempt at a phenomenological study of human being in Nalis poems(habiba, human as abeloved one). It notices that how human being in Nalis poems is represented and how the symbols, values, and existence that human has are materialized. Although phenomenological study is independent and detached from background and prior knowledge paying much more attention to the reader, it can help, to some extent, in arriving at multi-dimensional understanding while considering human in Kurdish classical poetry (Nali is one of the most important pioneers and representatives) .

**الملخص**

**هذا البحث المعنون بـ (ظاهراتية الانسان في أشعار نالي). محاولة لقراءة ظاهراتية الانسان في شعر نالي. ويركز على كيفية ظهور الانسان في هذه الاشعار و كيفية تمثله للرموز و القيم والوجود الانساني. مع ان القراءة الظاهراتية قراءة مستقلة ومنعزلة عن المعلومات المسبقة و يهتم بالقارىء أكثر من اي شىء اخر، الا انه هذه النوعية من القراءة يساعدنا الى حد ما للوصول الى فهم متنوع عن الانسان في الشعر الكلاسيكي الكوردي (الذي يعد نالي من أبرز ممثليه).**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)